MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هادی زەمانی

# چاوخشاندنێك بەسەر کرداری گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە

وەرگێڕانی: مێهدی مێهرپەروەر

هەولێر - 2009



**ناوی کتێب: چاوخشاندنێك بەسەر کرداری گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە**

- نووسینی: هادی زەمانی
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مێهدی مێهرپەروەر
- بابەت: سیاسی
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: (510)
- تیراژ: (750) دانە
- چاپی یەکەم 2009
- نرخ: (1500) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (45)

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

www.mukiryani.com
asokareem@ maktoob.com
Tel: 2260311

# پێڕست


پێڕست ............................................................................................ 3
چاوخشاندنێك بەسەر كرداری گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە ........................ 5
پێشەكی.............................................................................................. 5
1. گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە:................................................. 6
كورتە مێژوو..................................................................................... 6
بنەماكانی تیۆری گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە .......................................11
پرۆگرامەكانی پێشنیاریی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە ..........................14
أ: گەشەی دیموكراسی......................................................................15
ب: پێكهێنانی كۆمەڵگایەك كە پشت بە زانست ببەستێ:.....................................19
ج: پەرەپێدانی دەرەتانە ئابوورییەكان ........................................................20
بودجە ..........................................................................................25
رۆڵی ناتۆ: ......................................................................................26
2- رەخنەكان ..................................................................................28
ستراتیژی دەسەڵاتخوازی: ..................................................................29
تاكتیكی داپۆشراو..............................................................................33
نموونەیەكی نەگونجاو: .........................................................................34
بودجە و پشتیوانی ناتەواو ......................................................................40
3- تایبەتمەندیی تیۆرییەكان........................................................................42
4- بەراوردكردن لەگەڵ سیاسەتی ئەوروپا ..........................................................52
گەلاڵەی ئەوروپا ...................................................................................52
⋆ جیاوازییەكانی نێوان گەلاڵەكانی ئەمەریكا و یەكێتی ئەوروپا ...........................56
رەخنەكانی ئەمەریكا.............................................................................61
5- لە كۆتاییدا چەند تێبینییەك ....................................................................63
دەقی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە..................................................67
پەراوێزەكان.......................................................................................74

# چاوخشاندنێک بەسەر کرداری گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە

## پێشەکی

گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە کاردانەوەی زۆر جیاوازی هەبووە. وڵاتە ئەوروپاییەکان بە چاوی گومانەوە لە بەرێوەبردن و سەرکەوتنی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە دەڕوانن و نیگەرانن لەوەی کە سیاسەتی نوێی ئەمەریکا ببێتە ناسەقامگیری و هەرەسهێنانی دەوڵەتانی ناوچەکە، لەلایەکی دیکەوە ئەوروپا نیگەرانە لەوەی کە نوێ پارێزکارانی ئەمەریکا بە کەڵك وەرگرتن لەم گەلاڵەیە جێ بە ئەوروپاییەکان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دا لێژ بکەن. دەوڵەتەکانی ناوچەکە کە زۆربەیان لە پشتیوانیی خەڵکی خۆیان بێبەش و لە هەر گۆرانکاریەکی جیدی دەترسێن، ئەم سیاسەتە بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی خۆیان دەزانن. زۆربەی هێزە سیاسیەکانی ناوچەکە گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بە گەلاڵەیەکی ئیمپریالیستی بە روخسارێکی دیموکراتیك دەزانن کە ئامانجەکەی پەرەپێدانی دەسەڵاتی ئەمەریکا بەسەر ناوچەکە و دەستڕاگەیشتن بە سەروەتە نەوتییەکەیەتی. ژمارەیەکی زۆرتریش پێیان وایە ئەو گەلاڵەیە رێگای رزگاری رۆژهەڵاتی ناوەراستە لە بناژۆیی و حکومەتە سەرەڕۆکان. ژمارەیەکی دیکەش بۆ گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە لە بنەڕەتدا بایەخێکی ستراتیژیکی بۆ ئەو گەلاڵەیە قایل نین و، بە کردەوەیەکی تاکتیکی دەزانن لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی بەرامبەر بە پەلامار بۆ سەر عێراق. هێندێك لە رەخنەگران لەسەر ئەو بڕوایەن کە بە سەرنجدان بە ئەزموونی عێراق گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە لە بنەڕەتدا شکستی خواردووە. لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەك لە دارێژەرانی سیاسەتی ئەمەریکا پێ لەسەر ئەوە دادەگرنەوە کە گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە هێشتا لە سەرەتای رێگادایە و خوازیاری بودجە و پشتیوانی سیاسی زۆرترە بۆ بەرێوەبردنی ئەم گەلاڵەیە.



سەرەڕای ناکۆکی بیروبۆچوونەکانی سەرەوە، زۆربەی یاریزانانی گۆڕەپانی سیاسەتی "رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە" پێویستی بەرێوەبردنی چاکسازی سیاسی و ئابووری لە ناوچەی ژێر چاودێری گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەیان قەبووڵە و لەسەر ئەو بڕوایەن کە رۆژهەڵاتی ناوەراست لە روانگەی جیۆپۆلیتیك و جیۆستراتیجییەوە لە دەیەی داهاتوودا رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ لە گۆرەپانی سیاسەت لە جیهاندا.

بەشی یەکەمی ئەم نووسراوەیە تەرخانکراوە بۆ لێکدانەوەی کورتە مێژوو، پرۆگرامە پێشنیارکراوەکان و بودجەی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە. بەشی دووەم، ئەو رەخنانەی کە بەرامبەر بە گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە هاتوونەتە بەرباس، شرۆڤە دەکرێ. بەشی سێیەم، تایبەتە بە لێکدانەوەی تایبەتمەندییە تیۆرییەکان کە لەوانە دەتوانرێ بۆ دارشتن و وردبوونەوەی پرۆگرامەکانی ئابووری و سیاسی وڵاتانی ناوچەکە کەڵکی لێ وەربگیرێ. بەشی چوارەم، ئاماژە بە گەلاڵەکانی ئەوروپا و بەراوردکردنیان لەگەڵ گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە دەکا و بەشی پێنجەم، تایبەتە بەچەند تێبینییەك.

## 1. گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە:

### کورتە مێژوو

گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بۆ یەکەمین جار لە (12)ی سێپتامبەری (2002) لەلایەن "کۆڵین پاوڵ" هاتە بەرباس. هاوکات ئاغای پاوڵ دامەزراندنی بونیادی ئینتەرپرایز "interprise"ی راگەیاند و بەڵێنیدا ئەمەریکا یارمەتی وڵاتانێك وەك عەرەبستانی سعودی، لوبنان، ئەلجەزایر و یەمەن بدا بۆ پەیوەست بوونیان بە رێکخراوی بازرگانی جیهانی، پەیوەندیی بازرگانی دوو لایەنەی خۆی لەگەڵ وڵاتانێك وەك میسر و بەحرەین پەرەپێ بدا، پشتیوانی بکا لە پرۆگرامەکانی ناوچەکە بۆ بەرێوەبردنی چاکسازی سیاسی، کۆمەڵایەتی و چاکسازی سیستەمی پەروەردەیی بکا و لە خەباتی هاووڵاتییانی ناوچەکە بۆ

وەدەست هێنانی ئازادییە سیاسییەکان و سەقامگیرکردنی دیموکراسی[1]. پاشان، لە ژانویەی ساڵی (2003) جێگری سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دیك چینی لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی جیهانیی ئابووری "WEO" کە لە شاری داووس "Davos"ی سویسرا بەڕێوە چوو "ستراتیژی پێشڕەو بۆ ئازادی"ی هێنایە گۆڕێ کە دەوڵەتی ئەمەریکای لەوەی "پشتیوانی ئەو کەسانە بکات کە لە ڕێگای چاکسازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەدا تێکۆشانیان هەیە و فیداکاری دەکەن"[2]. ناوبراو جەختی کردەوە کە "بوش" سوورە لەسەر ئەوەی "دیموکراسی" لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و دەرەوەی سنوورەکانی گەشە پێ بدا"[3]. لەلایەکی دیکەوە نیکۆلاس بێرنز "Nicholas burns" نوێنەری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناتۆ لە وتەیەکی دا لە ئۆکتۆبەری (2003) لە شاری پراگ داوای لە ئەوروپا کرد تا هەوڵەکانی خۆیان بۆ سەقامگیری ئاشتی و ئاسایش لە "ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە"دا چڕ بکەنەوە"[4]. لە نوامبەری (2003) دەوڵەتی بوش گەڵاڵەی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە" ڕاگەیاند[5]. دواتر، دەوڵەتی ئەمەریکا ڕەشنووسی گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی پێش ئەوەی وڵاتانی عەرەبی لە نێوەرۆکی ئەو ئاگادار بکاتەوە لە نێوان وڵاتانی گروپی 8، بە مەبەستی تاوتوێکردن لە کۆبوونەوەی داهاتوو لە ژوئەنی (2004) دابەش کرد.

گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە لەلایەك لەگەڵ دژایەتی توندی وڵاتانی عەرەبی و لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ شك و گومانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ڕووبەڕوو بوو. وڵاتانی عەرەبی کە لە ئاسەوارەکانی ئەو پرۆژەیە بۆ سەر وڵاتەکانی خۆیان دەترسان ئەم گەڵاڵەیان بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی خۆیان لێك دەدایەوە. وڵاتانی ئەوروپایی لە هەمان کاتدا کە پشتیوانیان لەم گەڵاڵەیە دەکرد بە بەرزەفڕانەیان لە قەڵەم دەدا. ژاك "شیراك" سەرۆك کۆماری فەرەنسا لە (9)ی ژوئەندا هەرەشەی کرد کە "هاندانی ناوچەکە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆر دەتوانێ ببێتەهۆی بەهێزبوونی بناژۆیی (فەندەمێنتالیزم) و کەوتنە نێو داوی کوشندەی شەڕی شارستانیەتەکان"[6].



پاش ڕەخنە سەرەتاییەکان لە گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە "Gmenai"، دیپلۆماتە ئەمەریکایی و ئەوروپاییەکان بە مەبەستی وەگەڕخستنی گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە، ڕێبەرانی وڵاتانی عەرەبییان هاندا تا پرۆگرامی چاکسازی ئابووری و سیاسی خۆیان پێش کۆبوونەوەی سەرانی گروپی (8) لە ژوئەنی (2004) دابرێژن و پێشکەشی بکەن تا لەم دانیشتنەدا گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە وەك دژکردەوەی گروپی (8) بە پرۆگرامی سەرانی عەرەب پێشکەش بکرێ.

لە ژانوییەی 2004 دەوڵەتی یەمەن کۆنفرانسێکی ناوچەیی سەبارەت بە دیموکراسی، مافی مرۆڤ و ڕۆڵی دادگا نێودەوڵەتییەکان بەڕێوە برد. بڕیارنامەی ئەم کۆنفرانسە کە بە بڕیارنامەی "سەنا" بەناوبانگە، پشتیوانی تەواوی نوێنەرانی لە بنەماکانی دیموکراسی ئاشکرا کرد، خوازیاری کۆتایی هێنان بە داگیرکردنی سەرزەویی عەرەبی بوو و پێشنیازیی پێکهێنانی "دیالۆگی دیموکراتیی عەرەبی" بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بیروڕاگۆڕینەوە لە نێوان دەوڵەتان و گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی وڵاتانی عەرەبی پێشکەش کرد. هاوکات جۆرج بوش لە وتەیەکدا پێشنیازی کرد کە ناوچەیەکی بازرگانیی ئازاد لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە ماوەی دە ساڵ دابمەزرێ. پاش کۆنفرانسی سەنا، لە مانگی فورییەی 2004 نێوەرۆکی "گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە" لە لایەن ڕۆژنامەی عەرەب زمانی ئەلحەیات ئاشکرا و پاشان بڵاوکرایەوە[7]. لە مارسی 2004 کۆنفرانسی "چاکسازیی لە جیهانی عەرەب" لە شاری ئەسکەندەرییەی میسر بەڕێوە چوو. ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانی بەشدار لەم کۆنفرانسە بەدوای پەسندی بڕیارنامەیەك داوایان لە وڵاتانی عەرەبی کرد تا پرۆگرامەکانی چاکسازیی خۆیان جێبەجێ بکەن. بەڵام شکستی کۆبوونەوەی ڕێبەرانی یەکێتی عەرەب لە تونس لە سەرەتای مارسی 2004 زەبرێکی قورس بوو لە ئامانجەکانی دەوڵەتی بۆش بۆ وەگەرخستنی گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە لە مانگی ژوئەن لە کۆبوونەوەی گرووپی (8). میسر و

عەرەبستانی سعوودی گەلاڵەیەکی دیکەیان وەك جێگرەوەی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە هێنایە بەرباس کە سەرکەوتوو نەبوو. لە مەی 2004 کۆمەڵگەی عەرەب بە مەبەستی پەسندی پرۆگرامێکی چاکسازیی سیاسی کۆبوونەوەیەکی نائاساییان لە تونس پێکهێنا تا پێش بە هێنانەبەرباسی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە وەك پرۆگرامی گرووپی 8 بگرن. بەڵام ئاکامی ئەم کۆبوونەوەیە بڕیارنامەیەکی بێ نێوەرۆك بوو کە تەنیا ئاماژەی بە شتە گشتییەکان سەبارەت بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکرد و پرۆگرامێکی روونی بۆ بەرەوپێشبردنی چاکسازیی ئابووری و سیاسیی ناوچەکە پێشکەش نەکرد.

بەدوای دژایەتی نواندنی ولاتانی عەرەبی و پێشوازی نەکردنی ولاتانی ئەورووپایی، گەلاڵەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە "gmenai" دەستکاری کراو لە (10)ی ژوئەنی (2004) بەناوی نوێ "گەلاڵەی رۆژهەلاتی ناوەراستی بەربلاو" لە کۆبوونەوەی گروپی (8) لە "see islands" بە پەسەند گەیشت. گەلاڵەی ئاماژە پێکراو بریتیە لە دوو بەش. بەشی یەکەم کە تایبەتە بە باسی پێویستیی سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەرامبەر بە رەشنووسی یەکەم (gmenai) زمانێکی لەسەرخۆی هەیە تا ئەو جێگایە بە باسێکی گشتی لە خالە باشەکانی دیموکراسی، ئازادی، حکومەتی یاساو مافی مرۆڤ نزیك دەبێتەوە. بەشی دووەم، وەك رەشنووسی یەکەم، پرۆگرامێکی تارادەیەك چڕوپڕە بۆ بەرێوەبردنی چاکسازی ئابووری لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. لە گەلاڵەی "رۆژهەلاتی ناوەراستی بەربلاودا" بەڕاستکردنەوەی زمانی بەشی یەکەم، بەشی دووەم کە تایبەتە بە چاکسازی ئابووری، زەقتر دەبێتەوە. سەرەڕای ئەمەش، بە پێچەوانەی پێش نووسی یەکەم کە لەودا مەسەلەی فەلەستین و ئیسرائیل لەبەر چاو نەگیرابوون، دەقی گەلاڵەی "رۆژهەلاتی ناوەراستی بەربلاو" بە کورتی ئاماژە بە پێویستی بەردەوامی هەولەکان بۆ چارەسەری مەسەلەی فەلەستین و ئیسرائیل دەکا. هەروەها، دوابەدوای کۆبوونەوەی ژوئەن، گروپی (8) بە بلاوکردنەوەی راگەیاندراوێکی سەربەخۆ پێی لەسەر پێویستی سەقامگیری ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین و گرنگی" نەخشەی رێگا"ی داگرتەوە.



سەرەڕای راست کردنەوەکان، ئەم گەلاڵەیە هەروا بەناوە سەرەتاییەکەی، واتە گەلاڵەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە بەناوبانگە. ولاتانی ناوچەکە هەروا بە توندی دژی ئەم گەلاڵەیەن و ولاتانی ئەورووپاش بە پارێزێکی زۆرەوە لێی دەروانن. لە نێوان ولاتانی ناوچەکە تەنیا ئەفغانستان، عێراق، قەتەر، بەحرەین، ئوردن، تونس و یەمەن لە میوانداریی فەرمی کۆبوونەوەی گروپی (8) لە "seelsland" بەشدار بوون. عەرەبستانی سعوودی و میسر دژی گەلاڵەی ناوبراون، "حوسنی موبارەك" راگەیاندووە کە "هەولەکانی بیانی بۆ سەپاندنی چاکسازی خەیالی هەولێکی بێ هوودەیە و دەتوانێ ببێتەهۆی پشێوی و نائارامی". عەرەبستانی سعوودی تەنانەت لە بەشداری لە کۆبوونەوەی تونس، بۆ ئامادەکردنی وەلامی ولاتانی عەرەبی بە گەلاڵەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە خۆی پاراست. لەلایەکی دیکەوە، رەخنەگرانی ئەمەریکایی "گەلاڵەی رۆژهەلاتی ناوەراستی بەربلاو" لەسەر ئەو بروایەن کە ئەم گەلاڵەیە زۆرتر ئاماژە بە کاروباری ئابووری دەکا و بایەخێکی ئەوتۆی بە چاکسازی سیاسی و بەهێزکردنی رێکخراوە غەیرە دەولەتی و رێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی نەداوە.

یەکەمین کۆبوونەوەی " گەلاڵەی رۆژهەلاتی ناوەراستی بەربلاو"[8] لە دیسامبری 2004 لە شاری رەباتی مەراکیش، بە ناوی "فورومی داهاتوو"بەڕێوە چوو کە سەرەڕای ولاتانی گرووپی 8، نوێنەرانی ژمارەیەك لە ولاتانی ناوچەکە وەك پاکستان، مەراکیش و تورکیا بەشدار بوون. لە راستیدا "فورومی داهاتوو" چوارچێوەیەکە بۆ کۆبوونەوەی وەزیرانی ولاتانی خاوەن بەرژەوەندیی لە پێناو دارشتن و تاوتوێکردنی پێشکەوتنی پرۆگرامی چاکسازیی ناوچەکە. لەم چوارچێوەیەدا، هاوتەریب لەگەڵ کۆبوونەوەکانی رێبەرە سیاسییەکانی دەولەتانی پێوەندیدار، چەندین کۆبوونەوە لە نێوان رێبەرانی ئابووری و کۆمەلایەتی بە تایبەتی دامەزراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی ناوچەکەش بەڕێوە چووە. لە یەکەمین کۆبونەوەی "فورومی داهاتوو" لە دیسامبری 2004، بڕی 60 ملیۆن دۆلار بۆ پرۆگرامە پەسندکراوەکان تەرخان کرا.

## بنەماكانی تیۆری گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە

لە پەلاماری (11)ی سپتامبەردا ئەم بیرۆكەیە لە نێوان سیاسەتوانان و بیروڕای گشتی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئەمەریكا بەهێز بوو كە هەلومەرج و قەوارەی سیاسی و ئابووری نالەباری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست یەكێك لە هۆكارەكانی گەشەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتییە. لەبەر ئەوەی قەوارەی ئابووری و سیاسی لاواز، ناروون، داپڵۆسێنەر و گەندەڵە، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەت گەلێك كە ناتوانن خواستی ئابووری و سیاسی خەڵكی خۆیان دەستەبەر بكەن. زۆربەی خەڵكی ئەم ناوچەیە لە مافی بەشدار بوون لە دیاریكردنی چارەنووسی سیاسی خۆیان بێبەشن.

دەسكەوتە ئابوورییەكان پاوانی بەشێكی بچووكی كۆمەڵگان و سەرەڕای بەرچاوبوونی سەروەتە نەتەوەییەكان، بەشێكی یەكجار زۆر لە حەشیمەت هەژارن و لە دەستكەوتەكانی گەشەی ئابووری بێبەشن. نارەزایەتی لە نێوان چینی نێوەنجی، توێژی خوێندەوار و لاوانیش زۆر بەربڵاوە. بە واتایەكی دیكە، گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە دامەزراوە كە ئاكامی چاكسازی ئابووری، گەشەی مافی مرۆڤ و سەقامگیری دیموكراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دا، بە چوونە سەری بەشداری خەڵكی ناوچەكە لە دەسكەوتەكانی گەشەی ئابووری و چارەنووسی سیاسی وڵاتەكانیان دەبێتەهۆی كەمبوونەوەی نارەزایەتی و لە نێوبردنی بواری گەشەی بناژوویی ئیسلامی و تیرۆریزمی نێودەوڵەتیی.

بەم شێوەیە: بەپێی گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە، ئەمەریكا سوورە لەسەر ئەوەی كە كۆمەڵگای ناوچەی ناوەراستی گەورە دیموكراتیزە بكا لەبەر ئەوەی پێیوایە نائومێدی خەڵكی ئەم ناوچەیە لە دەوڵەتەكانی خۆیان هێمنی و سەقامگیری ناوچەكە و جیهانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمەریكا دەخەنە مەترسییەوە. لەمەڕ پشتیوانی ئەم بیرۆكەیە، گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە بایەخ دەدا بە ئاماری راپۆرتی "گەشەی مرۆیی جیهانی عەرەب" كە لەلایەن ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە بڵاوبووەتەوە.



تەواوی بەرهەمی ناپاڵفتەی نەتەوەیی (22) وڵاتی ئەندامی یەكێتی عەرەب لە بەرهەمی ناپاڵفتەی نەتەوەیی ئیسپانیا كەمترە.

نزیك بە (40٪) حەشیمەتی گەورەساڵانی وڵاتانی عەرەب، واتە زیاتر لە (65) ملیۆن كەس نەخوێندەوارن كە دوو سێهەمی ئەوانە ژنان پێكی دێنن.

هەتا ساڵی (2010) زیاتر لە (50) ملیۆن و تا ساڵی (2020) زیاتر لە (100) ملیۆن كەس دەچنە نێو بازاری كارەوە. بۆ راكێشانی ئەم هێزە دەبێ هەر ساڵێك لانی كەم (6) میلیۆن كاری نوێ بەرهەم بێ.

* ئەگەر نرخی بێكاری ناوچەكە لە ئاستی ئێستایدا بمێنێتەوە، هەتا ساڵی (2010) رادەی بێكارەكانی ناوچەكە لە سنووری (25) میلیۆن كەس تێدەپەڕێ.
* یەك لەسەر سێی حەشیمەتی ناوچەكە بە (2) دۆلار لە ڕۆژدا ژیان دەبەنە سەر. بۆ رزگاری ئەم حەشیمەتە زۆرە لە چنگی هەژاری نرخی گەشەی ئابووری ناوچەكە دەبێ لانیكەم ببێتە (2) ئەوندە واتە لە (3٪) وە بۆ (6٪) لە ساڵ دا زیاد بكرێ.
* تەنیا (3/5٪) نوێنەرانی پەرلەمانەكانی ناوچەكە ژنانن، لە حاڵێكدا ڕێژەی ژنان بۆ ناوچەی باشووری بیابانی ئافریقا زیاتر لە (8/4٪)ە.
* بەشی وڵاتە عەرەبییەكان لە تەواوی بەرهەمەكانی كتێب لە جیهان دا تەنیا (1/1٪) كە (15٪)ی لە كتێبە ئایینییەكان پێك هاتووە. ژمارەی ئەو كتێبانەی بە زمانی یۆنانی وەرگێڕدراون (5) بەرانبەری تەواوی ئەو كتێبانەیە كە بە زمانی عەرەبی وەرگێڕدراون. ئەمە لە حاڵێكدایە كە تەنیا (11) میلیۆن كەس بە زمانی یۆنانی قسە دەكەن.
* لە جیهانی عەرەبدا بۆ هەر (1000) هاوڵاتی تەنیا (53) نووسخە ڕۆژنامە چاپ دەكرێ. ئەم ژمارەیە لە وڵاتانی پێشكەوتوو دەگاتە (285) نوسخە، واتە (5) ئەوندەی نێوەنجی وڵاتانی عەرەبی.
* تەنیا (1/6٪) حەشیمەتی ناوچەكە دەستیان بە ئینتەرنێت رادەگا كە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەكەكانی دیكەی جیهان، تەنانەت ناوچەی باشووری بیابانی ئەفریقا نزمترین ئاستی هەیە.

* (51٪) لاوانی عەرەب خوازیاری کۆچن بەرەو وڵاتانی دیکە. نزیک بە یەک چواری ئەو عەرەبانەی کە زانکۆیان تەواو کردووە بۆ دەرەوەی وڵاتی خۆیان کۆچیان کردووە.

لە رووی پانتایی جوگرافیاییەوە، گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە سەرەرای (22) وڵاتی یەکێتی عەرەب (Arab League) وڵاتانی تورکیا، ئیسرائیل، پاکستان، ئەفغانستان و ئێرانیش لەخۆدەگرێ، بەڵام پێوەرەکان بە گشتی وێنەیەکی ورد لە هەڵومەرجی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی تەواوی ناوچەکە بەدەستەوە دەدا. بۆ وێنە، ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە خاوەنی بەرزترین رێژەی نەخوێندەواری جیهانە بە تایبەتی لە ناو ئافرەتان. زیاتر لە (75) ملیۆن ژن و (45) ملیۆن پیاو لە حەشیمەتی ئەم ناوچەیە نەخوێندەوارن. بارودۆخی نەخوێندەواری لە ئەفغانستان، پاکستان، یەمەن و مەراکیش بە تایبەتی جێگای نیگەرانییە.

راپۆرتەکانی (2002) و (2003)ی "پەرەپێدانی ئینسانیی جیهانی عەرەب" بەو ئاکامە دەگەن کە لەسەر بنەمای لێکولێنەوەکانی بەرێوەچوو، جیهانی عەرەب لە سێ "کەموکوڕی" (deficit) ئازار دەکێشێ.

1- نەبوونی ئازادی
2- نەبوونی کار
3- نەبوونی توانایی سیاسی، ئابووری و سیاسی ژنان

گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە داوا دەکا کە ئامانجی لە نێوبردنی ئەم کەم و کوریيانەیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەدا تا بەم شێوەیە سەقامگیری و ئەمنییەتی کۆمەڵگای جیهانی بە تایبەتی ئەمەریکا دابینبکا و بپارێزرێ.



## پرۆگرامەکانی پێشنیاریی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە

بە پێی دەقی رەسمیی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە کە لەلایەن گرووپی (8) بەرز کرایەوە، ئەم گەلاڵەیە **سێ ناوچەی تێکۆشانی لە خۆگرتووە.**

* **سیاسی:** لە بواری سیاسییەوە "گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە" وەبیر دێنێتەوە کە پێشکەوتن بەرەو دیموکراسی و حکوومەتی یاسا پێویستی بە پێکهێنانی گەلێك گەرەنتی کاریگەرە لە بوارەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەرەتییەکان و رێزلێنان لە بیروبۆچوونە جیاوازەکان و پلۆرالیزم تا بەشداریی خەڵك لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگا مسۆگەر بێ. بۆ سەقامگیرکردن و پەرەپێدانی دیموکراسی سەرەرای ئەو خاڵانەی پێشتر باسکران، چاکسازی و نۆژەنکردنەوەی دەزگاکانی دەوڵەت و شێوەی بەرێوەبەری و حوکمڕانیش پێویستە.

* **کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی:** لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا، فێرکردن بۆ هەمووان، هێنانەخوارەوەی رێژەی نەخوێندەواری، ئاسانکاری بۆ دەستڕاگەیشتن بە فێربوون بە تایبەت بۆ ژنان و کچان، یەکسانی ژن و پیاو، ئازادیی رادەربڕین، دەسڕاگەیشتن بە تەکنۆلۆجیای زانیاری[9] و بردنەسەری لێهاتوویی و توانایی و پەروەردەکردنی هێزی کار لە ئامانجە سەرەکییەکانی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەیە.

* **ئابووری:** لە بورای ئابوورییەوە، ئامانجەکانی ئەم گەلاڵەیە بریتییە لە: پێکهێنانی کار، پێکهێنانی بارودوخێکی لەبار بۆ گەشەی کەرتی تایبەتی، پەرەپێدانی بازرگانیی ئازاد و وەگەرخستنی سەرمایە، گەشەی هاوکاریی ئابووریی ناوچەیی و نێوان ناوچەکەکان، دەسڕاگەیشتن بە سەرمایە، چاکسازی لە بەشی ماڵی، چاکسازی یاساکان و قەوارەی یاسایی، چاکسازی مافی خاوەندارێتی، خەبات دژی گەندەڵی و بەرزکردنەوەی ئاستی شەفافییەت. لە چوارچێوەی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەدا وڵاتانی گرووپی (8) بەڵێن دەدەن هەتا بە پێشکەشکردنی

یارمەتی ماڵی و خزمەتگوزاریی تەکنیکی هاوکاریی دەوڵەتانی ناوچەکە بکەن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی سەرەوە.

بەمەبەستی ئاسانکاری و بەرەو پێشبردنی چاکسازیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوچەکە، گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە هەنگاوی زۆری لە سێ بواری بردنەپێشی دیموکراسی، پێکهێنانی کۆمەڵگایەك کە پشت بە زانست ببەستێ و پەرەپێدانی دەرەتانی ئابووری پێشنیار دەکات کە سەرەکیترینی ئەوانە بە کورتی بەم شێوەی خوارەوەیە. ئەم کردەوانە لە چوارچێوەی رێکخراوەی "فورومی داهاتوو" هاوئاهەنگ و جێبەجێ دەکرێ. بەپێی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە، نوێنەرانی فەرمیی دەوڵەتانی گرووپی (8) و وڵاتانی ناوچەکە بەشێوەی رێکوپێك لە چوارچێوەی "فورومی داهاتوو" کۆدەبنەوە و لە بواری بەرەو پێشبردنی چاکسازی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوچەکە بە تایبەتی سەقامگیرکردنی حکوومەتی یاسا، پەرەپێدانی دیموکراسی، بەهێزکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، پاراستنی مافی مرۆڤ و چاکسازی ئابووری بیروڕا دەگۆڕنەوە و هاوکاری دەکەن. تەریب لەگەڵ ئەمەش، نوێنەرانی رێکخراوە نادەوڵەتییەکان و گرووپەکانی ئابووری وڵاتانی ناوچەکە و گرووپی (8) راستەوخۆ لەگەڵ یەکتر بیروڕا دەگۆڕنەوە و هاوکاری دەکەن.

### أ: گەشەی دیموکراسی

بەپێی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە، سەرەڕای پشتیوانی راستەوخۆ لە بزووتنەوە دیموکراتیکەکانی ناوچەکە، وڵاتانی گرووپی (8) دەتوانن بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەکنیکی، پەروەردەیی و یاسایی بە پێکهێنانی دەرەتانی کۆمەڵایەتی و رێکخراوەیی پێویست بۆ گەشەی دیموکراسی هاوکاری بکەن و بەم شێوەیە سەقامگیری و پەرەپێدانی دیموکراسی لە ناوچەکە ئاسان و خێرا بکەن، لەم چوارچێوەیەدا کردەوە گەلێك دێنە بەرباس کە سەرەکی ترینیان بریتییە لە:



**پێکهێنانی دەرەتانی پێویست بۆ بەرێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد:** بۆ وێنە پێشکەشکردنی یارمەتی تەکنیکی و پەروەردەیی بۆ پێکهێنانی سیستمی کارلێهاتوو و سەربەخۆی "تۆماری دەنگدەران" و "چاودێری هەڵبژاردنەکان"

**پەروەردە و ئاڵوگۆڕی پارلەمانی:** بە تایبەتی دارشتنی یاساکان و بەرێوەبردنی چاکسازیی یاسایی.

**ئاسانکاری بۆ بەشداری ژنان لە رێبەری سیاسیدا:** دامەزراندنی چەندین دامەزراوە بە مەبەستی راهێنانی شێوازەکانی بەرێوەبەری و رێبەری بەو ژنانەی کە دەیانەوێ رێکخراوی نادەوڵەتی دابمەزرێنن و بەرێوەی ببەن و بەشداری لە کێبەرکێی هەڵبژاردنەکاندا بکەن بۆ وەدەستهێنانی پلەی سیاسی.

**چاکسازی یاسایی و ریفۆرمی سیستمی دادوەری:** ویلایەتەیەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و بانکی جیهانی خاوەنی چەندین پرۆگرامن بۆ چاکسازیی سیستمی یاسایی و دەزگای دادوەریی وڵاتانی پەرەگرتوو و رووڵەگەشە. بەڵام زۆربەی ئەم پرۆگرامانە لە ئاستێکی بەرفراوانی وڵاتدا جێبەجێ دەبن، وەك راهێنان لە بواری نووسینەوەی یاسا، بەرێوەبەریی دەزگای دادوەری و چاکسازیی یاساکانی پێوەندیدار بە مافەوە. لە حاڵێکدا لە زۆربەی وڵاتانی پەرەنەگرتوو و روو لە گەشە دامەزراوەگەلێك بە مەبەستی پێشکەشکردنی راوێژکاریی و خزمەتگوزاری یاسایی و دادوەری بە خەڵك بە شێوەی خۆڕایی یان نیوە خۆڕایی بوونی نیە. وڵاتانی گرووپی 8 دەتوانن بە پێشکەشکردنی یارمەتیی دارایی و تەکنیکی بە مەبەستی بونیاتنانی دامەزراوەیەکی ئەوتۆ، بۆ جێگیرکردنی حکوومەتی یاسا یارمەتی وڵاتانی ناوچەکە بدەن. لەگەڵ ئەمانەشدا، وڵاتانی گرووپی 8 دەتوانن بە زیادکردنی یارمەتییە دارایی و تەکنیکییەکان بە وڵاتانی ناوچەکە، بۆ وێنە لە بواری راهێنان و ئاڵوویری پێرسونێلی دادوەری، راهێنان لە بواری نووسینەوەی یاسا و بەرێوەبەریی دەزگای دادوەری، بەرەوپێشبردنی ئەم چاکسازییە خێرا و بەهێز بکەن.

**یارمەتی بە گەشەی راگەیەنە گشتییە سەربەخۆکان:** راگەیەنە گشتییەکان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لەژێر چاودێری

دەوڵەتدایە. بە گشتیی ئەم راگەیەنانە خاوەنی توانایی ئەوتۆ نین بتوانن لێکۆڵینەوەیەك بە شێوەی حیرفەیی و سەربەخۆ پێکەشی بکەن و چۆنییەتی کاری ئەوان بە گشتیی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. ئەم کەموکۆڕییانە بۆتە هۆی کەمتەرخەمیی کۆمەڵگە بەرامبەر بە راگەیەنە گشتییەکان و کەمیی زانیاری پێویست بۆ بەشداریی کاریگەری خەڵك بە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. وڵاتانی گرووپی 8 دەتوانن بەگرتنە پێشی کۆمەڵێك هەڵوێست یارمەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بدەن، وەك: ئاڵوویری رۆژنامەنووسی حیرفەیی، راهێنانی رۆژنامەنووسانی سەربەخۆی وڵاتانی ناوچەکە، پێشکەشکردنی بۆرسی خوێندن بە لاوان و رۆژنامەنوسانی لێهاتووی ناوچەکە بۆ خوێندن لە بەشە پێوەندیدارەکان لە وڵاتانی رۆژئاوایی، ناردنی مامۆستایان و رۆژنامەنووسانی حیرفەیی بۆ وڵاتانی ناوچەکە بە مەبەستی پەروەردەکردنی رۆژنامەنووسان لە ناوچەیە و هتد...

**بەرزکردنەوەی ئاستی شەفافیەت و خەبات دژی گەندەڵی:** بە پێی لێکۆڵینەوەکانی بانکی جیهانی ئێستا گەندەڵی گەورەترین لەمپەرە لە بەردەم پەرەسەندنی ئابووری و سیاسیی وڵاتانی روولەگەشە و پەرەنەگرتوو. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەفریقای باکوور گەندەڵی بە مانای کەڵکی خراپ وەرگرتن لە پێگەی دەوڵەتی و کۆمەڵایەتی بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندیی تاکەکەسی، بۆتە دیاردەیەکی باو و لە نێو هەموو دەزگا دەوڵەتیی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبۆتەوە. بۆ چارەسەریی ئەم کێشەیە گەڵاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە داوا لە وڵاتانی گرووپی 8 دەکات تا راشکاوانە بە شێوەیەکی چالاکانە پشتیوانی لە پرۆگرامەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوی هاوکاریی و پەرەسەندنی ئابوری بۆ خەبات دژی گەندەڵی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەفریقای باکوور بکەن. لە چوارچێوەی ئەم پرۆگرامانە رێبەرانی دەوڵەتانی ناوچەکە، رێکخراوە نادەوڵەتییەکان، دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان و رێبەرانی وڵاتانی دیکەی ئەندام، پرۆگرامەکانی خۆیان بۆ خەبات دژی گەندەڵی و بەهێزکردنی



وەڵامدانەوەی دەوڵەت دەخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە و هەوڵ دەدا تا لەگەڵ یەکتر هاوئاهەنگ بکات. هەروەها، وڵاتانی گرووپی 8 دەتوانن وڵاتانی ناوچەکە هان بدەن تا بنەما و پرۆگرامەکانی "دابینکردنی شەفافییەت و خەبات دژی گەندەڵی"ی گرووپی 8 هەڵبژێرن و جێبەجێی بکەن. لەگەڵ ئەمانەشدا، پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە داوا لە وڵاتانی گرووپی 8 دەکا تا چەند پرۆگرامێك بۆ خەبات دژی گەندەڵی بە شێوەی ئەزموونی لە ناوچەکە دەست پێ بکات.

**گەشەی کۆمەڵگای مەدەنی:** بەڕێوەبردنی چاکسازیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی راستەقینە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، وەك هەر ناوچەیەکی دیکە، تەنیا بەهۆی هێزە سیاسییەکانی ناوچەکە و ئەو رێکخراوانە کە نوێنەرایەتی خەڵکی دەکەن جێبەجێ دەبێ. کەوابوو، بۆ ئاسانکاریی و بەرەوپێشبردن پرۆگرامی چاکسازیی رۆژهەڵاتی ناوەراست، وڵاتانی گرووپی 8 پێویستە یارمەتی گەشە و پەرەپێدانی دامەزراوە و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ناوچەکەدا بدەن. بە پێی گەڵاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە ئەم پرسە گرنگە دەتوانێ لە چەندین رێگەی جۆراوجۆرەوە ئەنجام بدرێ، وەك:

- بەکارهێنانی فشار بۆسەر دەوڵەتانی ناوچەکە بەمەبەستی پاراستنی مافی دامەزراوەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەتایبەتی راگەیەنەکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و مۆڵەتی کاری ئازادانە بە بێ پێکهێنانی لەمپەر و بەربەستی سیاسی.
- زیادکردنی یارمەتیی دارایی بە راگەیەنەکان و رێکخراوە نادەوڵەتییەکان[10] کە لە بواری بەرزکردنەوەی ئاستیی دیموکراسی، مافی مرۆڤ و مافی ژنان چالاکیی دەکەن.
- زیادکردنی بودجەی رێکخراوە نادەوڵەتییەکانی رۆژئاوایی (وەك بونیادی دیموکراسی ئەمەریکا و بونیادی وێست مینستێری بەریتانیا)[11] بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەکنیکی بە رێکخراوە نادەوڵەتییەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، وەك راهێنانی پێویست لە بواری تەکنیکییەوە بۆ

پێکهێنانی ناوەندی (پلاتفۆرم)ی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەکارهێنانی نفووز و فشار بۆ سەر دەوڵەتانی خۆیان و راکێشانی پشتیوانی خەڵك و راگەیەنەکان.

**دامەزرانی رێکخراوی دیالۆگ و هاوکاری بۆ گەشەی دیموکراسی:** بەمەبەستی بەتواناکردن و بەهێزکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکانی ناوچەکە، گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە داوا لە وڵاتانی ناوچەکە و گرووپی 8 دەکا تا رێکخراوی "گفتوگۆ و هاوکاریی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دیموکراسی" دامەزرێنن. لەم رێکخراوەیەدا کە لە ژێر چاودێری فورومی داهاتوو بەرێوە دەچێ نوێنەرانی دەوڵەتەکان، رێکخراوە نادەوڵەتییەکان و دامەزراوە مەدەنییەکانی ناوچەکە، وڵاتانی گرووپی 8 و یەکێتی ئەوروپا لە هەمبەر زانیاری و ئەزموونەکانی پێوەندیدار بە پرۆگرامەکان و شێوازەکانی پەرەسەندنی دیموکراسی و دارشتنی پرۆگرامی هاوبەش بۆ پێکهێنان و بەهێزکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان بیرورا ئاڵوگۆر دەکەن.

## ب: پێکهێنانی کۆمەڵگایەك کە پشت بە زانست ببەستێ:

بە پێی راپۆرتەکانی پەرەپێدانی مرۆیی جیهانی عەرەب[12]، لە جیهانی گلۆباڵدا، زانست بەردی بناغە و شارێی پەرەپێدان و ئازادییە، بەڵام، هەر وەکو لە بەشی پێشوودا ئاماژەی پێکرا جیهانی عەرەب سەرەرای پێشینەی مێژوویی خۆی، بە جۆرێك کە جێگای داخە لە جیهانی زانستی سەردەم دواکەوتووە. بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە، گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە داوا لە وڵاتانی گرووپی (8) دەکات هەتا هەڵویستێکی نوێ و بەربڵاوتر لە پێناوی پەروەردەکردنی هێزی ئینسانیی ناوچەکە بگرنە پێش. پرۆگرامی پێشنیارکراوی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە لەم پێوەندییەدا بەروونی بریتییە لە:

* پێشکەشکردنی یارمەتی ماڵی و تەکنیکی بە دەوڵەتەکان و رێکخراوە غەیرە دەوڵەتییەکانی ناوچەکە، بۆ ئەوەی نرخی نەخوێندەواریی ناوچەکە تا ساڵی (2010) بە رێژەی (50٪) بێتە خوارەوە "بە تایبەت لە نێو ژنان دا".



* دامەزراندنی دامەزراوەی پەروەردەی مامۆستا بەمەبەستی پەروەردەکردنی (100) هەزار مامۆستای ژن تا ساڵی (2008)، لەسەر بنەمای رێنوێنییەکانی "پەروەردە بۆ هەمووان"ی رێکخراوی یۆنسکۆ.
* پێکهێنانی قوتابخانەی نوێ بە کەڵك وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیا و شێوازی پەروەردەیی نوێ، لەسەر بنەمای گەلاڵەی قوتابخانە (Disovery)ی[13] ئوردۆن کە لەگەڵ پێشوازی و سەرکەوتنێکی بەرچاو بەرەورِوو بووە.
* پێشکەشکردنی یارمەتی ماڵی بۆ چاپی کتێبی قوتابخانەکان "لە رێگای بەشداری کەرتی تایبەت و دەوڵەتی" و پێشکەشکردنیان بە قوتابخانەکان، زانکۆکان و کتێبخانەکانی ناوچەکە.
* بەرێوەبردنی کۆبوونەوەیەك پێکهاتوو لە رێبەرانی بەشەکانی دەوڵەتی، تایبەتی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ناوچەکە و هاوتاکانیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا، بە مەبەستی لێکدانەوەی رێگاکانی چارەسەری مەسەلەی" لە خوارەوەبوونی ئاستی زانست لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەدا.
* دامەزرانی دامەزراوە گەلێك بە بەشدای بەشە تایبەتی و دەوڵەتییەکانی ناوچەکە بۆ تەیارکردنی قوتابخانەکان بە کۆمپیوتر و دەسرِاگەیشتن بە ئێنترنێت.
* دامەزرانی قوتابخانەی بازەرگانی لە ناوچەکە بەهاوکاری قوتابخانە و زانکۆکانی وڵاتانی گروپی (8).

## ج/ پەرەپێدانی دەرەتانە ئابوورییەکان

بەپێی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە چارەسەری کێشەی ئابووری ناوچەکەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە، پێویستی بە بەرێوەبردنی چاکسازیی ئابووری بەشێوەی بەربڵاو کە هاوشانە لەگەڵ چاکسازیی ئابووری ئەورووپای رۆژهەڵات، ئازادکردنی وزەی کەرتی تایبەت بە تایبەتی پیشەسازی بچووك و نێوەنجی کە داینەمۆی گەشەی ئابووری ناوچەییە، تەوەرەی سەرەکی چاکسازییەکی

ئەوتۆیە، لەم پێشنیارەدا، پرۆگرامە روونەکانی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بریتییە لە:

- دامەزراندنی دامەزراوەی دارایی و بانکەکانی پەرەپێدان بۆ دابینکردنی سەرمایەی پێویست بۆ گەشەی ئابووری ناوچەکە.
- چاکسازیی کەرتی دارایی.
- بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانیی ئازاد.
- دامەزرانی فورومی هەلە ئابوورییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست.

**دامەزراندنی دامەزراوە دارایی:** بەمەبەستی باشکردنی خستنەرووی سەرمایەی پێویست بۆ پەرەپێدانی ئابووری ناوچەی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە پێکهێنانی سێ جۆر دامەزراوەی دارایی پێشنیار دەکا:

* بانکی پەرەپێدانی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە: دامەزرانی بانکی پەرەسەندنی ناوچەیی، لەسەر بنەمای بانکی پەرەسەندنی ئەوروپا، بە سەرمایەی هاوبەشی ولاتانی گرووپی 8 و ولاتانی دەولەمەندی ناوچەکە بە مەبەستی دابینکردنی سەرمایەی پێویست بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژە بنەرەتییەکان وەك پەروەردە، تەندروستی و ژێرخانە سەرەتاییەکانی دیکەی پەرەسەندنی ئابووری. هەروەها، ئەم بانکە دەتوانێ وەك ناوەندێك بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارای تەکنیکی بۆ ولاتانی ناوچەکە لە بواری ئامادەکردنی پرۆگرامی پەرەپێدان و کاروباری دارایی ئەرکی خۆی راپەرێنێ. بەرێوەبردنی چاکسازی و سەلماندنی دەستکەوتەکانی یەکێك لەپێوانە سەرەکییەکانە بۆ وەرگرتنی قەرز لە بانکی پەرەپێدانی رۆژهەڵاتی ناوەراست.
* کۆمپانیای وەبەرهێنانی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە: دامەزرانی دامەزراوەیەکی وەبەرهێنانی ناوچەیی لە ژێر سەرپەرشتی کۆمپانیای دارایی نێودەولەتی (ئەی ئێف سی)[14] و بە سەرمایە و بەرێوەبەری کەرتی تایبەتیی ولاتانی ناوچەکە وگرووپی 8 بەمەبەستی بەخشینی قەرزی سەرمایەیی بۆ پەرەپێدانی کەرتی تایبەتی ناوچەکە، بە تایبەتی پاڵپشتیکردن و پەرەپێدانی



کۆمپانیاکانی پیشەسازی و بازرگانیی گەورە و نێونجیی ناوچەکە. هەروەها، ئەم دامەزراوەیە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەکنیکی بە ولاتانی ناوچەکە بە پێکهێنانی کەشی گونجاو و لەبار بۆ گەشەی وەبەرهێنان و پەرپێدانی کەرتی تایبەتیش یارمەتییان دەدا.

* دامەزرانی دامەزراوەی دارایی بۆ دابینکردنی قەرزی بچووك[15]: لە ناوچەکە چەندین رێکخراوی مایکرۆ فایننس هەیە. بەلام تەنیا 5٪ داواکاران دەتوانن قەرز لەم دامەزراوەیە وەربگرن. لەگەل ئەمانەشدا، هەموو قەرزی ئەم دامەزراوەیە تەنیا 0.7٪ سەرمایەی داواکاران دابین دەکا. بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، بە تایبەتی دابینکردنی سەرمایەی دارایی سەبارەت بە پێویستیی ژنان، گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە داوا لە ولاتانی گرووپی 8 دەکا تا چەندین دامەزراوەی مایکرۆ فایننس لە ناوچەکە دامەزرێنێ. ئەم دامەزراوانە لەسەر بنەمای بازرگانی بەرێوە دەچێ، بەم مانایە کە بۆ درێژەدان بە چالاکییەکان تەنیا پشت بە داهاتی خۆی دەبەستێ. وای دابنێین بەهای نێوەنجی قەرزە پێشکەشکراوەکانی ئەم دامەزراوەیە، یەکسانە بە 400 دۆلار بۆ هەر کەس، گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە پێشبینی دەکا کە بەخشینی 500 ملیۆن دۆلار قەرز لە ماوەی 5 ساڵدا یارمەتی یەك ملیۆن و دوسەدهەزار کەس دەدا تا خۆیان لە کۆت و بەندی هەژاریی رزگار بکەن کە 750 هەزار کەسیان دەتوانێ لە ژنان پێك بێ.

**چاکسازیی کەرتی دارایی:** بەمەبەستی ئاوێتەکردنی کاریگەری ولاتانی ناوچەکە لە سیستمی دارایی جیهانی، گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە داوا لە ولاتانی گرووپی 8 دەکا تا بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەکنێکی یارمەتیی چاکسازیی و نۆژەنکردنەوەی کەرتی دارایی ولاتانی ناوچەکە بدەن، بەتایبەتی لە بوارەکانی:

- کەمکردنەوەی دەسەلاتی دەولەت لەسەر کەرتی بانکی
- نەهێشتن و کەمکردنەوەی کۆسپەکانی سەر رێی ئالوویری دارایی نێوان دەولەتان

- نۆژەنکردنەوە کەرتی بانکی
- پەرەپێدان و باشکردنی ئامرازەکانی دارایی بە پشت بەستن بە ڕێوشوێنەکانی بازار و پێکهێنان پێکهاتەی چاودێری بە مەبەستی ئازادکردنی بازاری سەرمایە.

**بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانیی ئازاد:** ئاڵوێری بازرگانیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بە گشتیی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەی ناوچەیە. لە ڕاستیدا، تەنیا 6٪ تەواوی ئاڵوێرە بازرگانییەکانی ئەوان لەگەڵ وڵاتانی نێوخۆی ناوچەکەکەیە. لەگەڵ ئەمانەشدا، ئاستی کۆسپەکانی ریزنامەیی و ناریزنامەی لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە زۆر لەسەرەوەیە. بە مەبەستی بردنەسەری ئاستی بازرگانیی ئازاد و هاندانی ئاڵوێر لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە، گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە داوا لە وڵاتانی گرووپی 8 دەکا ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرن:

* یارمەتی دانی وڵاتانی ناوچەکە بەمەبەستی پەیوەست بوونیان بە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی: وڵاتانی گرووپی 8 دەتوانن وڵاتانی ناوچەکە هان بدەن تا بە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی پەیوەست بن و بە پێشکەشکردنی یارمەتیی تەکنیکی وەك دارشتنی پرۆگرامی گونجاو و لەبار بۆ کەمکردنەوەی کۆسپەکانی ریزنامەیی و ناریزنامەیی و چاکسازیی سیستمەکانی گومرك و لۆجستیك، ڕەوتی پەیوەست بوون بە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی بۆ ئەوان ئاسان بکات. پاش پەیوەست بوونی ئەوان بە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی و واژۆی ڕێکەوتننامەی پێوەندیدار، وڵاتانی گرووپی 8 دەتوانن یارمەتی وڵاتانی ناوچەکە بکەن تا بەڵێنەکانی خۆیان بە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی بێننە واری جێبەجێ کردنەوە.

* دامەزراندنی جەمسەرە بازرگانییەکانی ناوچەیی[16]: وڵاتانی گرووپی 8 دەتوانن بە دامەزراندنی جەمسەرە بازرگانییەکانی ناوچەیی یارمەتی پەرەپێدانی بازرگانی بە تایبەتی بازرگانیی لە نێوخۆی ناوچەکەدا بدەن. دامەزراندنی ئەم ناوەندانە بە چڕکردنەوەی ڕێگەکانی هاتن و چوونی کاڵاکان لە شوێنێك و ڕێکوپێککردنی گومرکی وڵاتانی ناوچەکە دەبێتەهۆی



کەمبوونەوەی خەرجیی هاتوچۆ، کاروباری گومرك و بەڕێوەبەریی، سووڕی کاڵاکانی کەرتی تایبەتی لە نێوخۆی ناوچەکە ئاسان دەکا و بە ئاسانکردنەوەی دەستراگەیشتنی وەبەرهێنەرانی دەرەکی بە زانیاری، خزمەتگوزاری و بازار دەبێتەهۆی گەشەی وەبەرهێنان لە ناوچەکەدا.

* دامەزراندنی ناوچەی پەرەپێدانی بازرگانیی[17]: وڵاتانی گرووپی 8 دەتوانن بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەکنیکی بە وڵاتانی ناوچەکە یارمەتی دامەزراندنی ناوچەی ئازاد و بە تایبەتی بازرگانیی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بدەن. ئەم ناوەندانە بە پێکهێنانی هاوکاریی نێوان وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەتی لە بواری یەکسان سازیی گەڵاڵەکان، بەرهەمهێنان و دۆزینەوەی کڕیار بۆ بەرهەمە پێشەسازییەکان، دەبێتەهۆی پێکهاتنی بازاری گەورەی ناوچەیی. دواتر، وڵاتانی گرووپی 8 دەتوانن بە بەهێزکردنی دەستڕاگەیشتنی ئەم بەرهەمانە بە بازارەکانی خۆیان، یارمەتی بە گەشە و پەرەپێدانی ئەم بازارە ناوچەیيانە بدەن.

**دامەزراندنی فورومی هەلە ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە:** گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە داوا لە وڵاتانی گرووپی 8 دەکا تا بەمەبەستی هاندان و بەهێزکردنی هاوکاریی نێوان وڵاتانی ناوچەکە، لەسەر بنەمای نموونەی فورومی هاوکارییە ئابوورییەکانی ئاسیا و پاسیفیك[18]، فورومی "هەلە ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە" دابمەزرێنێ. لەم فورومەدا ڕێبەرانی دەوڵەتانی ناوچەکە و وڵاتانی گرووپی 8 هاوڕێ لەگەڵ نوێنەرانی کەرتە تایبەتییەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانیان، بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکەن لەسەر هەلە ئابوورییەکانی ناوچەکە و چارەسەریی کێشە و پرۆگرامی چاکسازیی ئابووریی ناوچەکە بە تایبەتی چاکسازیی سیستمە بازرگانی و داراییەکان و هەروەها سیستمەکانی چاودێری [19] هاوکاری.

## بودجە

بودجەی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بۆ ساڵی ماڵی (2002) بەرانبەر بە (29) ملیۆن دۆلار بوو، بەڵام بە دەستپێکردنی شەڕی عێراق لە مارسی (2003) بودجەی م ئەم گەلاڵەیە بۆ (100) ملیۆن دۆلار زیادی کرد، لە ساڵی (2004) دەوڵەتی بوش داوای (145) ملیۆن دۆلار بودجەی نوێی بۆ ساڵی (2004) کرد کە تەنیا (45) ملیۆن دۆلار، لە لایەن پەرلەمانی ئەمەریکاوە پەسەندکرا. لە ئوکتوبەری (2004) بڕی (18/5) ملیۆن دۆلاری دیکەیان بۆ گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە تەرخان کرد، لە ساڵی (2005) دەوڵەتی بوش داوای (150) ملیۆن دۆلاری بودجەی نوێی بۆ ساڵی ماڵی (2005) کرد کە پەرلەمانی ئەمەریکا بۆ (90) ملیۆن دۆلار کەمی کردووە، بەم شێوەیە تا ئێستا (283) ملیۆن دۆلار بۆ گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە تەرخان کراوە کە هەتا کۆتایی ئۆکتۆبەری (2004) زیاتر لە (103) ملیۆن دۆلار خەرج کراوە[20]. بۆ ساڵی (2006) بوش داوای بڕی(120) ملیۆن دۆلار بودجەی کردووە بۆ گەلاڵەی رۆژهەڵاتی نێوەڕستی گەورە.

هەروەها، دەبێ بزانین ئامانجەکانی "گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەروە" سوود لە پێداویستیی دارایی هێندێك لە رێکخراوەکانی دیکە وەردەگرێ وەك بونیادی دیموکراسی کە رێکخراوێکی نیوە تایبەتی و نیوە دەوڵەتییە کە لە ساڵی 1983 بە مەبەستی بەهێزکردن و بردنەسەری ئاستی دامەزراوە دیموکراتیك و نادەوڵەتییەکان لە جیهان دامەزرا. بودجەی ئەم رێکخراوە بۆ ساڵی 2005 — 2006، 80 ملیۆن دۆلار بوو کە بەشێکی بەرچاوی بۆ بردنەسەری ئاستی دیموکراسی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەرخان کرابوو[21].

بەشێوەی ئاسایی، یارمەتییەکانی ئەمەریکا بۆ وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەموو کاتێك لە رێگای بەخشینی قەرز و یارمەتی ماڵی و تەکنیکی بە دەوڵەتانی ناوچەکە بەڕێوەچووە و زۆرتر بایەخ بە پرۆژەی گەورەی ئابووری دراوە. گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەی بەم پێوەندییانە داوە، بەڕێوەبردنی



چاکسازی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە دەستوری کاری دایە و پێشکەشکردنی یارمەتی تا رادەیەك کەمە، بەڵام بەردەوام گروپەکانی نادەوڵەتی و هاووڵاتیانی ناوچەکە لە سەروی کارەکانیدایە، لە بەر ئەوەی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لە سەر ئەم گریمانەیە دامەزراوە کە دەوڵەتانی عەرەب لە بەڕێوەبردنی چاکسازی و دابینکردنی خواستەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری هاووڵاتیانی خۆیان سەرکەوتوو نەبوون، بە واتایەکی دیکە گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە تێدەکۆشێ هەتا لەگەڵ هاووڵاتیان و رێکخراوە غەیرە دەوڵەتییەکانی ناوچەکە راستەخۆ پێوەندی بگرێ و بەپێشکەشکردنی یارمەتی ماڵی و تەکنیکی بەوان بەرەو پێشبردنی چاکسازی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری ئاسان و خێرا بکات.

## رۆڵی ناتۆ:

بە شێوەگرتنی "گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە" وا دێتە بەر چاو ئەمەریکا تێبکۆشی هەتا ناتۆ لە بەڕێوەبردنی ئەم گەلاڵەیە دەرگیر بکات یان لانیکەم هەڵوێستی لەگەڵ "گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە" و قەیرانە نوێیەکان لە ناوچەکەدا هاوئاهەنگ بکا. بۆ نموونە نیکۆلاس برنز "nicholas burns" نوێنەری ئەمەریکا لە ناتۆ لە وتەیەکی دا لە ئۆکتۆبەری (2003) لە شاری پراگ رایگەیاند" ئەرکی ناتۆ ئێستاش بریتییە لە پارێزگاری لە ئەوروپا و ئەمەریکای باکوور. لەم هەلومەرجەدا ئێمە لە سەر ئەو بڕوایە نین کە دەتوانین بە مانەوە لە شوێنی خۆمان و خۆبەستنەوە بە ئەوروپای رۆژئاوا یان ئەوروپای ناوەندی و یان ئەمەریکای باکوور ئەم ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنین، ئێمە دەبێ سەرنجی زەینی و هەروەها ناوەندی هێزە سەربازییەکانی خۆمان بەرەورووی رۆژهەڵات و باشوور پەرە پێ بدەین، بە باوەڕی ئێمە داهاتووی ناتۆ لە رۆژهەڵات و باشوور یان بە واتایاکی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دایە[22].

رۆڵی ناتۆ لە "گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە" بە رووداوی (11)ی سێپتێمبەری (2001) و بە دوای ئەودا پەلامار بۆ سەر عێراق دەستی پێکرد و لە ساڵی (2004) لە چوارچێوەی گەلاڵەی هاوکاری ئەستەمبوڵ "ICI" [23] شێوازێکی فەرمی تری بە خۆوە گرت.

گەلاڵەی هاوکاری ئەستەمبوڵ کە لە مارسی (2004) لە کۆبوونەوەی ناتۆ لە ئەستەمبول پێشکەش کرا، داوای لە ولاتانی ناوچەی "رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە" کرد بەتایبەتی ولاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداوی فارس کرا بە کردەوە هاوکاری ناتۆ بکەن، ئەرکی نوێی ناتۆ لە چوارچێوەی گەلاڵەی هاوکاری ئیستامبۆڵ بریتییە لە ناساندن و بەربەرەکانێی ئەو مەترسییانەی هەرِەشە لە ولاتانی ئەندام لە ناوچەکەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەدەکا بە تایبەتی لە رێگاگەلی وەك:

* بەربەرەکانێ لەگەڵ تیرۆریزم.
* خەبات دژی پەرەسەندنی چەکی کۆمەڵکوژ.
* هاوکاری لە کاروباری ئەمنییەتی سنوورەکان بە مەبەستی خەبات دژی قاچاغی مادەسڕکەرەکان.
* ئامادەکردنی پرۆگرامی هاوبەش بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کارەساتی گەورە و هەلومەرجی تایبەتی.
* خولی سەربازی و ئەمنییەتی.
* بەشداری لە مەشقە سەربازییەکانی ناتۆ.
* پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و یارمەتی تەکنیکی بۆ بەرێوەبردنی چاکسازی لە سیستەمگەلی سەربازی و پێوەندییەکانی سەربازی- مەدەنی.
*هاوئاهەنگ کردنی سیستەم و کەرەستە سەربازییەکان بە مەبەستی نەهێشتنی ناسازگاریەکان و ئاسانکردنی کردەوە هاوبەشەکان.

تا ئێستا سێ ولاتی کوێت، قەتەر، بەحرێن بە "گەلاڵەی هاوکاریی ئەستەمبوڵ" پەیوەست بوون و کردەوەی هاوبەشیان لە بوارەکانی سەرەوە بە ئەنجام گەیاندووە



هەروەها حکوومەتی تورکیا، زۆر تامەزرۆیە کە گەلاڵەکانی هاوکاری ئەستەمبوڵ و رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە رۆڵێکی سەرەکی لە ئاستی ناوچەکە دابگێڕێ، لە راستیدا حکوومەتی تورکیا لە پەراوێزبوونی خۆی لە گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بە پێچەوانەی قازانجی ستراتیژی خۆی دەزانێ[24].

## 2- رەخنەکان

گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە لە چەندین لایەنەوە کەوتۆتە بەر رەخنە کە دەتوانین لەسێ گروپی گشتیدا دابەشی بکەین.

1- **ستراتیژیی دەسەلاتخوازی:** روانگەگەلێك کە ئامانجی سەرەکی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە لە بنەرِەتدا سەپاندنی دەسەلاتی ئەمەریکا بەسەر ناوچەکە و دەسڕاگەیشتنی بەسەروەتە نەوتییەکەی دەزانن.

2- **تاکتیکی داپۆشراو:** ئەو روانگانەی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بە گشتی بە هەڵویستی تاکتیکی ئەمەریکا دەزانن بۆ چەواشەکردنی بیرورای گشتی جیهان لە کێشەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە تایبەت کێشەکانی تایبەت بە پەلامار بۆ سەر عێراق.

3- **نموونەیەکی نەگونجاو:** ئەو روانگانەی کە بەرێوەبردنی چاکسازیی سیاسی و ئابووری رۆژهەڵاتی ناوەراست بە پێویست دەزانن، بەلام لەسەر ئەو بروایەن کە دارِشتنی "گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە" بە هۆی لەبەر چاو نەگرتنی بارودۆخی ناوچەکە، نەبوونی متمانەی خەڵك و هێزەکانی ناوچەکە بە ئەمەریکا، لەبەر چاونەگرتنی جۆراوجۆریی قەوارەی سیاسی، کۆمەلایەتی و ئابوورییەکان و سەپاندنی یەك رێگا چارەی لە پێشدا دیاریکراو و بەشدار نەبوونی هێزەکانی ناوچەکە، کاڵ و کرچە و بەرێوە ناچێ.

## ستراتیژی دەسەڵاتخوازی:

گروپی یەکەم بریتییە لە چەند روانگەی جۆراوجۆر کە دەتوانن روانگەکان بەم شێوەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

لە دارشتنی سیاسەتی نێودەوڵەتییدا مەسەلەی سەرەکیی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەسەر بناغەی نەوت دەسوورێتەوە. لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا کە جیهان بەرەو ئابوورییەکی بەستراوە بە نەوت دەچووە پێش، رۆژهەڵاتی ناوەراست لە کاروباری سیاسەتی جیهانیدا رۆڵێکی سەرەکی هەبوو. دوای شەڕی دووەمی جیهانی، ئەمەریکا جێگای بریتانیا و فەرەنسای لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە، گرتەوە. لەم گۆرانکارییەدا فەرەنسا رۆڵی خۆی لەدەست دا، بەڵام بۆ بریتانیا رۆڵێکی نوێ "شەریکی بچووکتری" پێدرا. لەم چوارچێوەیەدا ئامریکا سیستمێك کە بریتانیا بۆ ئیدارەی وڵاتانی خاوەن نەوتی عەرەب پێکیهێنا بوو لەم وڵاتەی وەرگرتەوە. رۆحی ئەم سیستمە بە کورتی ئەوەیە کە وڵاتانی خاوەن نەوتی ناوچەکە دەبوایە بەرواڵەت لەلایەن دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە بەرێوەچووبایە، بەڵام بە نهێنی دەسەڵات لە ئەستۆی ئەمەریکا بێ. بۆ ئەم مەبەستە دەوڵەتە ناوچەییەکان دەبوایە لاواز و گوێڕایەڵ بن هەتا پێرەوی لە فەرمانەکانی خاوەن دەسەڵات بکەن. بە خراپتر بوونی بارودۆخەکە، دەوڵەتی نیکسۆن ئەم چوارچێوەی کامڵ کرد و رۆڵی ژاندارمی ناوچەی بۆ ژمارەیەك لە وڵاتە غەیرە عەرەبەکانی ناوچەکە وەك ئێرانی سەردەمی شا، تورکیا، ئیسرائیل و پاکستان، دیاری کرد. بە واتایەکی دیکە، قەوارەی سیستمی ئەمەریکا بۆ چاوەدێریکردنی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست خاوەنی سێ تەوەری سەرەکییە.

* ژووری فەرمان کە لە واشینتۆنە و لە ئەزموون و یارمەتییە تەکنیکییەکانی شەریکی بچووك، واتە بریتانیا کەڵك وەردەگرێ.
* دەستەیەك لە دەوڵەتانی لاواز و گوێڕایەڵی عەرەب.
* چەند ژاندارمی ناوچەکە "تورکیا، ئیسرائیل و پاکستان" کە ئەرکیان پاراستنی رژێمەکان و پێشگیری لە گەشەی رادیکالیزمە لە ناوچەکە، لەم



نێوەدا ئیسرائیل بە هۆی نزیکی زیاتر لە رۆژئاوا و متمانەی زۆرتری رۆژئاوا بەو رۆڵێکی سەرەکییان پێ سپاردوە و پێگەی ئەو وەك هێزێکی سەربازیی زاڵ لە ناوچەکەدا دەبێ هەموو کاتێك بپارێزرێ.

بە درێژایی قۆناغی جەنگی سارد سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە زۆربەی ناوچەکەکانی جیهان دا جگە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئافریقای باکوور پێی لەسەر سەقامگیرکردن و پەرەسەندنی دیموکراسی دادەگرتەوە، لە حاڵەتێکدا لە پێوەندی لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئافریقای باکوور جەختی لە سەر تەوەری ئەمنییەت و ئاسایش دەکردەوە. لەم ناوچەیەدا ئەمەریکا زۆرتر پشتیوانی لە دیکتاتۆرەکان دەکرد و دێموکراسی دەکردە قوربانیی پاراستنی ئاسایش و ئەمنییەت. بۆ پاساودانی ئەم سیاسەتە بە درێژایی دەیەی (1980) لە کۆبوونەوە ئاکادمیکەکاندا زۆرتر باسی تایبەتی بوونی ئیسلام، ناسازگاریی روانگە و فەرهەنگی ئیسلام لەگەڵ دیموکراسی، مەیلی مێژوویی کۆمەڵگای عەرەب بەرەو سەرەرۆیی دەکرا و وەکو کۆسپێك دەیانڕوانییە روانگە، مێژوو و فەرهەنگی ئیسلام بەرامبەر بە دیموکراسی.

بە هەرەسهێنانی ئۆردوگای رۆژهەڵات و کۆتایی جەنگی سارد، ئەمەریکا بە تەنیا بووە دەسەڵاتی زاڵی ناوچەکە و بۆیەکەمین جار دەرفەتێکی بەدەست هێنا تا سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بە دەستێکی ئاوەڵا و بە بێ کێشەی لایەنی بەرانبەری بە هێز بە ئەنجام بگەیەنێ. لەهەلومەرجی نوێدا، لە سیستمێك دا کە بۆ چاودێریکردنی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دارێژرابوو، دەبوایە پێداچوونە بکرایە هەتا بتوانن کۆمارە نوێیەکانی ئاسیای ناوەندی کە لە یەکێتی سۆڤییەت جودا ببوونەوە و خاوەنی سەرمایەیەکی دەوڵەمەندی نەوت بوون، بخاتە ژێر چاودێری ئەمەریکا. لەلایەکی دیکەوە، گەشەی رادیکالیزم و بناژۆیی ئیسلامی کە بە شۆرشی ئێران دەستی پێکردبوو، دەبوایە رابگیرێ و ئەو ناوچانەی کە لە کۆنترۆڵی سیستم چووبوونە دەر، جارێکی دیکە بکەوتنایەتە ژێر کۆنترۆڵی سیستم.

لە نەبوونی لایەنێکی نەیار کە بتوانێ لەو دەرفەتانەی کە بە هۆی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی ناوچەکە هاتبوونە پێش کەڵك وەربگرێ، ئەمەریکا ئێستا دەیتوانی بۆ کەمکردنەوەی نارەزایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و شککردنی دەرەتانی گەشەی رادیکالیزم دەست بە چاکسازی لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوچەکەدا بکا.

لەلایەکی دیکەوە، خوازیارانی نەوت لە سەرتاسەری جیهان بە تایبەت لە وڵاتانی چین، هیندستان و ئەمەریکا بەخێرایی روو لە زیاد بوونن. لە حاڵێك دا پاشەکەتی نەوت لە دەرەوەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بە خێرایی بەرەو تەواو بوون دەچێ و نرخی دۆزینەوەی شوێنی نوێ لەم ناوچانەدا بە توندی کەمی کردووە. بەپێی روانگەیەکی باو، کاتێك ئاستی نەوت لە بیرێکی نەوت دا لە نیوە کەمتر بێ، واتە نیوەی تەواوی نەوتی بیر بەکارهاتووە، خەرجیی هەڵێنجانی نەوتی ئەو ناوچەیە بە خێرایی بەرز دەبێتەوە. بەپێی بەراوردەکان زۆربەی ئەو شوێنانەی کەوتوونەتە دەرەوەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە زوویی و زۆر پێشتر لە بیرەنەوتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەم خاڵە دەگەن. بەم شێوەیە چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوودا بەستراوەیی جیهان بە نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە خێرایی بچێتە سەرێ. ئەم بارودۆخە گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە هاوکێشە سیاسییەکان دا دەباتە سەرێ، دەیکاتە گرینگترین مەسەلەی سیاسەتی دەرەوەی جیهانی رۆژئاوا بە تایبەت ئەمەریکا.

بەپێی بیرۆکەی ئەم گرووپە، کۆمەڵە هۆکاری سەرەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەمەریکا قایمکردنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە لەسەرووی سیاسەتی دەرەوەی خۆی دابنێ. بۆ بەرێوەبردنی سەرکەوتووانەی ئەم پرۆگرامە، ئەمەریکا بەم ئاکامە گەیشتووە کە دەبێ لەلایەك بە پرۆگرامی خۆی روخسارێکی ئایدۆلۆژیك و ئارمانی بدا و لەلایەکی دیکەوە بارودۆخی زەینی کۆمەڵگای جیهانی بەشێوەیەك بگۆڕێ تا بتوانێ لە کاتی پێویست دا هۆکاری سەربازی کە لەودا بە تەواوی زاڵە، بە ئازادیی کردەوە و توانای زۆرترەوە بە کاری



بێنێ. لەم روانگەیەوە، ئامانجی ئێستای ئەمەریکا پەرەپێدانی سیاسەتی رووبەڕووبوونەوەی شارستانییەتەکان وەك بەدیلێك بۆ شەڕی سارد و گرتنەپێشی سیاسەتی قەیرانی کردنی ناوچەیە هەتا بتوانێ لەم رێگایەوە دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا پەرەپێ بدا. لەلایەکی دیکەوە، گەڵاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە پەلامار بۆ سەرعێراق و مەبەستی ئەمەریکا بۆ دەسڕاگەیشتن بە نەوتی ناوچەکە لە پشت دەمامکی ئایدیۆلۆژیا و مرۆڤ دۆستانەی "بەرز کردنەوەی ئاستی مافی مرۆڤ و سەقامگیرکردنی دیموکراسی" دەشارێتەوە.

بیرمەندانی گرووپی یەکەم قەبووڵی دەکەن کە دەوڵەتە عەرەبییەکان لە بنەڕەتدا دەترسێن لە چاکسازیی سیاسی. لەبەر ئەوەی بەهۆی نەبوونی پشتیوانی خەڵك، هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێك دەتوانێ ببێتەهۆی رووخانیان. بەشێك لە قۆڵەکانی ئەم گرووپە تەنانەت قەبووڵی دەکەن کە دەوڵەتە عەرەبەکان لە ئیسرائیل وەك پاساودانی لێنەهاتوویی خۆیان کەڵك وەردەگرن. زۆربەی دەوڵەتە عەرەبییەکان شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل بەهۆکاری سەرەکی گەشەنەکردنی دیموکراسی لە وڵاتەکانیان دەزانن، لە حاڵێکدا ئیسرائیل سەرەڕای (6) دەیان شەڕ و دوژمنایەتی لەگەڵ عەرەبەکان بەردەوام دیموکراسی لانیکەم بۆ هاووڵاتیانی جوولەکەی خۆی لەبەرچاو گرتووە، بەڵام ئەم بیرمەندانە ئاماژە بەوەش دەکەن کە نێوەرۆکی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و بێ توانایی ئەوان لەسەقامگیرکردن و پەرەپێدانی دیموکراسی تەنیا بەشێك لە راستییەکانە. لەلایەکی دیکەوە، وڵاتانی رۆژئاوا بە تایبەت ئەمەریکا، بەهۆی پشتیوانی لە دەوڵەتە نادیموکراتیکەکانی ناوچەکە بەشێکی گەورەی لە پێکهێنانی بارودۆخی ئێستای کەوتووەتە سەرشان.

بەکورتی، لەم روانگەیەوە، گەڵاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە گەڵاڵەیەکی بەرینی ئەمەریکایە بۆ پەرپێدانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکەو دەسڕاگەیشتن بە سامانی نەوتەکەی لە ژێر پۆششی دروشمی مافی مرۆڤ و دیموکراسیخوازی دا.

## تاكتیكی داپۆشراو

بیرمەندانی ئەم گروپە بۆ "گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە" بایەخێكی ستراتیژی قایل نین، بەڵكو بە كردەوەیەكی تاكتیكی ئەمەریكای دەزانن، هەتا بەكەڵك وەرگرتن لە دروشمگەلی مەبەستداری سەقامگیریكردنی دیموكراسی و بەرێوەبردنی چاكسازی سیاسی و ئابووری لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، داگیركردنی عێراق، ئەو كێشانەی كە لە عێراق دا لە گەڵیدا بەرەورِوویە و شكستی پرۆگرامی ئاشتی ئیسرائیل و فەلەستین "نەخشەی رێگا" لە ناوەندی سەرنجی بیرورِای گشتی ئەمەریكا و جیهان بێنێتەوە دەرێ. سیاسەتی "گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە" لەلایەك بە هەڵوێستی ئەمەریكا لە ناوچەكە رووی ئەرێنی دەبەخشێ و لە لایەكی دیكەوە بە گەورەكردنەوەی دواكەوتوویی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەراست و پێویستی بەرێوەبردنی چاكسازی سیاسی، مشتومرِی فەڵەستین و ئیسرائیلی كردۆتە شانۆیەكی لاوەكی كە تەنیا یەكێك لە رووبەرِووبونە بێ ئەژمارەكانە كە هێمنی ئەم ناوچەیەی تێك داوە.

هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپا پێی دەڵێن ئامانجی واشینگتۆن لە گرتنەپێشی ئەم تاكتیكە بێ بایەخكردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەوروپایە لە بەرامبەر مەسەلەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دا، بەپێی ئەم بیرۆكەیە ئەو وڵاتانەی كە بەشێوەی تایبەتی كەوتوونەتە بەر ئەم ئامانجەی ئەمەریكا لە پلەی یەكەم دا بریتییە لە ئاڵمان و فەرەنسا كە دژایەتی ئەوان لە پەلاماری بۆ سەر عێراق بووە هۆی خۆشەویستیان لە نێو نەتەوەكانی عەرەب دا.

هەروەها ژمارەیەكیش پێیانوایە كە ئەم تاكتیكە یارمەتی هەڵبژاردنی دووبارەی جۆرج بوشی دا ببێ سەرۆك كۆماری ئەمەریكا و لە گۆرِەپانی سیاسەتی نێوخۆیی ئەمەریكا بایەخی بۆ هەڵبژاردن هەبوو. لەم پێناوەدا، ژمارەیەك پێیان وایە كە ئەم تاكتیكە یارمەتی هەڵبژاردنی دووبارەی جۆرج بوش بۆ سەرۆك كۆماری دابێ، بەڵام لە سەر بیرورِای گشتی خەڵكی رۆژهەڵاتی ناوەرِاست كاریگەرییەكی بەرچاوی نییە. لە بەر ئەوەی بەردەوامی كەمتەرخەمی



ئەمەریكا بە مەسەلەی ئیسرائیل و فەڵەستین، بایەخ نەدانی بە كاریگەریی "دیواری ئەمنییەتی" ئیسرائیل بە سەربیرورِای گشتی عەرەبەكان، بەخشینی رێككەوتننامەی بە سوودی تیجاری بۆ كۆمپانیا ئەمریكییەكان پاش داگیركردنی عێراق و مانەوەی درێژخایەنی هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراق، رەشبینی خەڵكی ناوچەكەی بەرامبەر بە مەبەستە سەرەكییەكانی ئەمەریكا لە ناوچەكە زۆرتر كردووە.

بیرمەندانی تاكتیكی داپۆشراو قازانجی ستراتیژیی ئەمەریكا لە ناوچەكە و كۆنترۆڵكردنی سەرچاوەی نەوتی ناوچەكە و پێویستی بەرێوەچوونی چاكسازی سیاسی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئینكار ناكەن، بەڵام لە سەر ئەو برِوایە نین كە لە پرۆگرامێكی بەربڵاو و هەمەلایەندا بۆ بەرێوەبردنی چاكسازی سیاسی كۆمەڵایەتی و ئابووری لە تەواوی وڵاتانی ناوچەكە "وەك گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە" هەڵبژاردەی ستراتیژی ئەمەریكا بۆ جێبەجێكردنی ئەم ئامانجانە بێ. زۆربەی زانایانی ئەم گروپە لە سەر ئەو برِوایەن كە ئامانجی ئەمەریكا لە ناوچەكە لە پلەی یەكەمەدا بریتییە لە سەقامگیركردنی بارودۆخی خۆی لە عێراق و پێكهێنانی حكومەتێكی سیكولار و دیموكراتیكی لایەنگری ئەمەریكا لەو وڵاتە، لەم چوارچێوەیەدا پرۆگرامی دیموكراسیخوازی ئەمەریكا لە ناوچەكە زۆرتر بە دامەزراندنی حكومەتی نوێی عێراق وەك نموونەی پەرەسەندنی وڵاتانی دیكەی ناوچەكەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بەرتەسك دەبێتەوە، سەرەرِای ئەمەش لە چوارچێوەی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەی ئەمەریكا كەڵك لە دروشمگەلی دیموكراسی و مافی مرۆڤ بە ئامرازێك دادەنرێ بۆ فشارهێنان بۆ دەوڵەتەكانی ناوچەكە بەمەبەستی وەرگرتنی مافی تایبەتیی زۆرتر و دوور نییە چاكسازییەك لەم وڵاتانە بە تایبەت لە ناوچەكە ئەمنییەكان رێك بخا.

## نموونەیەكی نەگونجاو:

گروپی سێهەم ئەو بیرۆكانە دەگرێتەوە كە پێویستی بەرێوەبردنی چاكسازی سیاسی و ئابووری لە ناوچەكەی رۆژهەڵاتی ناوەراست قەبووڵ دەكەن، بەڵام

گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لە ڕوانگەی هێندەێك تێبینی تیۆری و بەڕێوەبەری دەدەنە بەر ڕەخنە. بنەمای بەڵگە هێنانەوەی ئەم ڕەخنانە دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

یەکێك لە کێشەکانی ئەمەریکا بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆژەی سەقامگیری دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی ئەوەیە کە ئەمەریکا بەهۆی پشتیوانی درێژخایەنی لە حکومەتە نادیموکراتییەکانی ناوچەکە و مەسەلەی مشتومڕی فەلەستین و ئیسرائیل و لە نێوان وڵاتەکان و خەڵکی ناوچەکە بایەخێکی پێویستی بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم پرۆژەیە پێ نادرێ. پەلاماردانی عێراق و داگیرکردنی خاکی ئەم وڵاتە یارمەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەی نەدا، بەڵکو سەد هێندە توندتری کردەوە. زۆربەی خەڵکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەر ئەو بڕوایەن کە دروشمی سەقامگیرکردنی دیموکراسی ئەمەریکا سەر پۆشێك بێ بۆ پێکهێنانی حکوومەتگەلی دەستەمۆو دەسڕاگەیشتن بە سەرچاوەی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خۆ ئەگەر ئەم مەسەلەیە ڕاستیش نەبێ، لەبەر ئەووەی زۆربەی خەڵك و هێزە سیاسییەکانی ناوچەکە باوەڕیان پێیەتی، لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا دەبێتە "حەقیقەتێکی سیاسی".

زۆریش لە ڕەخنەگران لە سەر ئەو بڕوایەن کە گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، بایەخی پێویست بە مەسەلە ئەمنییەکانی ناوچەکە نادا، تا کاتێك ناوچەکە لە بارودۆخی جەنگی دایە بە دژواری دەتوانرێ بیر لەوە بکرێتەوە هەنگاو بۆ چاکسازی سیاسی بەشێوەی بەربڵاو هەڵبگیرێ. لانیکەم، تا کاتێك چارەسەری مشتومڕی فەلەستین و ئیسرائیل بەشێوەیەکی جیدی لە بەرچاو نەگیرێ، بارودۆخی زەینی زاڵ بە سەر ناوچەکەدا دەبێتە لەمپەرێك لە سەر ڕێگای چاکسازی بەربڵاوی قەوارەی سیاسی و ئابووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمە بەو مانایە نییە کە پرۆگرامی چاکسازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێ چاوەڕوانی چارەسەری مەسەلەی فەلەستین و ئیسرائیل بێ، بەڵام هەوڵێکی جیدی



و وردبینانە بۆ چارەسەری مشتومڕی ئیسرائیل و فەلەستین ئەگەری سەرکەوتنی پرۆگرامی چاکسازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێز دەکا. لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوو پرۆژەی سەقامگیرکردنی دیموکراسی و چارەسەرکردنی مشتومڕی ئیسرائیل و فەلەستین دەبێ لانیکەم هاوکات و تەریب لەگەڵ یەکتر بەرەوپێش بڕۆن، بە جۆرێك کە هیچ یەك لەوانە نەبێتە لەمپەر لە بەردەم پێشکەوتنی ئەوی دیکە. زۆرێك لە ڕەخنەگرانی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەمەریکا لە مەسەلەی سەقامگیرکردنی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەك ڕێگایەك بۆ لادان کە چارەسەری مەسەلەی ئیسرائیل و فەلەستین کەڵك وەردەگرێ.

کاتێك بیرۆکەی گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دێتە بەرباس، سەرەتا هێندێك لە سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا جۆرێك "پرۆسەی هێلسینکی" بۆ ئەم ناوچەیە لە بەر چاو دەگرن[25]. بەڵام ئەم شێوازە بە زوویی وەلانرا لە بەر ئەوەی "مۆدیلی هێلسنکی" دەوڵەتی ئەمەریکا بەرەو ڕێکەوتننامەیەکی ناوچەیی پاڵ پێوەدەنا کە بۆ ئەوان گونجاو نەبوو. ئاسایش نێوەرۆکی سەرەکی پرۆسەی هێلسینکی بوو کە وەك ڕێککەوتننامەیەك لە نێوان ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی ئەندامی وەرشۆ داڕێژرابوو، لە پەیمانی هێلسینکی ڕۆژئاوا سنووربەندی نوێی پاش شەڕی دووەمی جیهانی لە ئەورووپا بە ڕەسمییەت ناسی و لە بەرامبەردا یەکێتی سۆڤییەت و دەوڵەتەکانی بەستراوە بەو لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات پابەندبوون بە بەڕێوەبردنی ئەم پرۆگرامە لە بواری مافی مرۆڤەوە، بەڵام کاتێك پرۆگرامێك بۆ گرتنەپێشی سیاسەتێکی هاوشێوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێکرد، سیاسەتوانانی ئەمەریکایی بە خێرایی پشتیان تێ کرد لە بەر ئەوەی دەوڵەتی ئەمەریکا دەیزانی وڵاتانی عەرەب پێ لە سەر گەلاڵەی مشتومڕی عەرەبەکان و ئیسرائیل دادەگرن، لە حاڵێکدا دەوڵەتی ئەمەریکا ئامادەنییە لە بەرامبەر بەڵێنەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە لە هەمبەر چاکسازی سیاسی و ئابووری، بەڵێنێك لە بواری ئەمنییەوە بەوان بدا. ئەم بڕیارە مەسەلەی فەلەستین و ئیسرائیلی لە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەرهاوێشت.

چاکسازی سیاسی و ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا مەسەلەیەکی پێویستە، بەڵام چاکسازی دەبێ بەشێوەیەك بێ قەوارەی سیاسی وڵاتانی پێوەندیدار توانای بەڕێوەبردنیان هەبێ. بێجگە لەمە، ئەگەرێکی بەهێزە، بەرنامەی چاکسازی دەبێتە هۆی باڵکانیزە بوونی ناوچەکە. بارودۆخێك کە لە کاتی گشتگیری نموونەی عێراق بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچەکەو یان تەنانەت نەبوونی توانای پێکهێنانی سەقامگیری لەم وڵاتەدا، بەخێرایی ناوچەکە دەگرێتەوە. لەم بارەوە زۆر کەس پێیانوایە دەوڵەتی ئەمەریکا بەکردەوە گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی وەك گەڵاڵەیەکی کۆتایی بە سەر وڵاتانی عەرەبی و لایەنە پێوەندیدارەکانی دیکەدا سەپاند بەبێئەوەی گوێ لە بۆچوونی ئەوان بگری. لە پرۆسەی داڕشتنی گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە ئەوروپاییەکان زۆرجار ئەمەریکایان ئاگادارکردۆتەوە کە دەبێ پرس بە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێ. بەشداربن لەو پرۆسەیەدا. نادر فەرقانی سەرنووسەری ڕاپۆرتی "پەرەسەندنی ئینسانی جیهانی عەرەب "لە وتارێکی ڕەخنەگرانەدا لە ئەلحەیات لە ئیعتیزاز بە شێوەی کەڵك وەرگرتن و بەڵگەهێنانەوەی واشینگتۆن بە ڕاپۆرتی ئاماژە پێکراو نووسی: "هەڵسوکەوتی ویلایەتەیەککگرتووەکان کە کاتێکی زۆر کەمی بۆ شەریکەکانی گروپی (8) وڵاتانی عەرەبی لە پێوەندی لەگەڵ لێکدانەوە و دەربڕینی بیروڕا سەبارەت بە گەڵاڵەکە لە بەرچاوگرتبوو، نیشانەی هەستی دوژمنکارانەی دەوڵەتی ئێستای ویلایەتەیەککگرتووەکانە لە بەرامبەر جیهاندا، بەشێوەیەك کە دەبێتەهۆی ئەوەی ئەم دەوڵەتە  بە جۆرێك هەڵسوکەوت بکا کە گوایا چارەنووسی هەموو نەتەوەکان و دەوڵەتەکان لە دەستی ئەودایە"[26]. تا ئێستا پرۆگرامی چاکسازیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کردەوەدا لەگەڵ کۆسپ و کێشەی زۆر بەرەوڕوو بووەتەوە. **یەکەم** ئەم گریمانەیە کە هێزە دەرەکییەکان دەتوانن ببنەهۆی سەقامگیری دیموکراسی لەناوچەکەدا لانیکەم بووەتە جێگای پرسیار، ئەزموونی عێراق بە درێژایی چەند ساڵی ڕابردوو بە جیدی کۆڵەکەکانی ئەم گریمانەیەی لەرزۆك کردووە.



**دووەم**، ئەمەریکا بە هۆی هەڵسووکەوتی ڕابردووی، پشتیوانی بێ ئەم لاو ئەولای ئیسرائیل و لە سیستمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە، لە بیروڕای گشتی ناوچەکەدا بایەخی ئەوەی لەدەسداوە بتوانێ ڕۆڵی ڕزگاریدەری دیموکراسی بە ئاسانی بگێڕێ. پەلاماری سەربازی بۆ عێراق سیمای ئەمەریکای لە بیروڕای گشتی ناوچەکەدا ڕەشتر کردووە و دژ کردەوەی زۆرتری بەرامبەر بەدەستێوەردانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا بە دواوە بووە.

لە لایەکی دیکە، بەسەرنجدانە باوەڕەکان و ئۆگری سیاسی خەڵکی ناوچەکە، گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە ڕووبەڕووی بەیەك ناکۆکی بۆوە، لەبەر ئەوەی حزبە سیاسییەکان، چاپەمەنی ئازاد و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی شەفاف و دیموکراتیك بەدەستەبەرکردنی مافی دەنگدانی یەکسان بۆ هەمووان لە وڵاتانی ناوچەکە دەبێتەهۆی هاتنە سەر کاری ڕێبەرانێك کە ڕوانگە زۆربەی هەڵبژاردەکان و خەڵکی ئەو وڵاتانە دێننە بەرباس کە لە قۆناغی ئێستادا دژی ئەمەریکاییە، هەر بۆیە گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، ئەگەر ئامانجەکەی بەڕاستی سەقامگیرکردنی دیموکراسی بێ لە ناوچەکەدا ، لانیکەم لە کورتخایەندا دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی حکوومەتگەلی دژ بە ئەمەریکا لەو ناوچەیە. مەسەلەیەك کە لەوانەیە ئەمەریکا قەبووڵی نەکا و بە پێچەوانەی ئامانجەکانی گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەیە.

لەبەڵگەنامەی گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دا بەڕوونی باسی ئەو نەکراوە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە چ وڵاتانێك دەگرێتەوە. لە ڕوانگەی گەڵاڵە داڕێژەران، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لە مەراکش، ئافریقای باکوور و شاخی ئافریقا بەرەو تورکیا، ئێران، ئەفغانستان و کۆمارەکانی پێشووی سۆڤییەت لە قەفقاز و ئاسیای ناوندی درێژ دەبێتەوە و پەرە دەستێنێ و جگە لە وڵاتانی عەرەبی، پاکستان، بەنگلادیش و سەرزەوییەکانی دیکە تا سنوورەکانی چین دەگرێتەوە. بەم شێوەیە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بریتییە لەو وڵاتانەی خاوەنی قەواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری زۆر

جیاوازن، سەرەڕای ئەم جیاوازییە بەرچاوە، گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بۆ بەڕێوەبردنی چاکسازیی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە تەواوی وڵاتانی ناوچەکە ڕێگاچارەسەرێکی یەکسانی لەبەر چاو دەگرت، ئەویش پرۆگرامێك کە زۆرتر لە ئەزموونی گەشەی ئابووری و سیاسی کۆمەڵگای ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا سەرچاوەی دەگرت نەك لە داخوازی وڵاتانی روو لە گەشە و پەرەنەگرتوودا. لەلایەکی دیکەوە، ژمارەیەك لە بیرمەندان باسی ئەوە دەکەن کە دارێژەرانی گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە دەزانن بە سەرنجدانە جۆراوجۆری بارودۆخی ناوچەکە، گشتیکردنی مەسەلەکان و پێشکەشکردنی یەك ڕێگاچارە بۆ تەواوی وڵاتانی ناوچەکە راست نییە، بەڵام مەبەستی سەرەکی گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بە گشتی وڵاتانی خاوەن نەوتی ناوچەیە کە بەستراوە بە داهاتی نەوتن و سیستمە سیاسی و ئابوورییەکانیان پشتیان بە بەرتیل خۆری بەستووە، لەوانە عێراق، ئێران، عەرەبستانی سعودی، کویت، بەحرەین، قەتەر، ئیمارات، عەمان و جەزائیر.

هەروەها هێندێك لە رەخنەگران پێیانوایە یارمەتییە دارایییەکانی ئەمەریکا بۆ دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەمەبەستی بەرەو پێشبردنی گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە رەنگە ببێتەهۆی سەرهەڵدان و گەشەی رایەڵکەیەك لە دامەزراوەکان لە ناوچەکەکە لە لایەك نزیك بێ لە نموونەی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا تا بەداخوازی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و لەلایەکی دیکەوە ئەوان پشت بە یارمەتیە دارایییەکانی وڵاتانی دەرەکی دەبەستن. ئەم کارە لە کۆتاییدا دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی چەندین جۆری نوێی گەندەڵیی کۆمەڵایەتی و میکانزمگەلی بەستراوەیی سیاسی کە سەرچاوەی ئابووری کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە و ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی بەرفراوان بە فیڕۆ دەدەن.



**بودجە و پشتیوانی ناتەواو**

سەرئەنجام، گرووپی چوارەم بریتییە لە کەسانێك کە لایەنگری گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستن، بەڵام پێیان وایە گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە هۆی کەمیی بودجە، پشتیوانی ناتەواوی سیاسی و هێندێك کێشە و هەڵەی بەڕێوەبەریی زۆر سەرکەوتوو نیە. ئەم کەسانە رەخنە لەوە دەگرن کە بودجەی گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە گوێرەی پێویست نیە و بودجەی ئێستاش دروست لە جێی خۆیدا خەرج ناکرێ. لە روانگەی ئەم گرووپەوە گرنگترین هۆکاری ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە ئۆرگانە سەرەکییەکانی دارشتنی سیاسەتی ئەمەریکا بە ئامانجە راگەیەندراوەکانی گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست زۆر پابەند نین. ئەم رەخنەگرانە تەئکید دەکەنەوە کە دەوڵەتی ئەمەریکا بۆ بەرەپێشبردنی چاکسازیی سیاسی لە جیهانی عەرەب و هاندانی رێبەرانی سیاسیی عەرەب بۆ جێبەجێکردنی ئەم چاکسازییانە، ئەهرۆمی سیاسی، ئابووری، دیپلۆماتی، ئەمنییەتی و سەربازیی زۆر بە هێزی لەبەر دەستدایە. بەڵام لە کردەوەدا لە بەکارهێنانی ئەوانە خۆ دەپارێزێ و بە هێنانەبەرباسی دروشمگەلی ئارمانی قەناعەت دەکات.

هێندێك لە رەخنەگران دەڵێن کە لێکۆڵینەوەی هەڵسوکەوتی گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە، پەرش و بڵاوی و لێك ترازان، بەردەوامیی پشت بەستنی لەرادە بەدەر بە دەوڵەتەکانی ناوچەکە و دیاریکردنی بەشێکی یەکجار بچووك لە بەهاکان بۆ هاووڵاتیان و رێکخراوە نادەوڵەتییەکانی ناوچەکە دەردەخات. یەکەم، بۆ هەڵبژاردنی پرۆژە لەبارەکانی سیاسەتمەدارانی ئەمەریکایی گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بە گشتی پشت بە دەوڵەتە عەرەبەکانی ناوچەکە دەبەستێ، هەر وەکو چۆن خشتەی (1) نیشانی دەدا. زیاتر لە (70٪) بودجەی گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست راستەوخۆ بۆ دەوڵەتەکانی ناوچەکە تەرخان کراوە.

بەشەکەی دیکەش ناڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری پێشنیارەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکانە دابین دەکرێ و بەشێکی بەرچاوی دەدرێتە پرۆژەکان، ڕێکخراوەکان و کەسانی جێگای پەسەندی دەوڵەتە پێوەندیدارەکان لە بەشە تایبەتییەکان و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکاندا، بە واتایەکی دیکە گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە لەبری یارمەتیدانی هاوولاتیان و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانی ناوچەکە بۆ بەرەوپێش بردن و خێراترکردنی چاکسازی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری، لە کردەوەدا دەبێتە ئامرازێك بۆ بەرەوپێش بردنی پرۆگرامەکانی ئابووری و سیاسی ڕژێمەکانی ناوچەکە، هەروەها کارکردی گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە ئەوە دەردەخا کە بودجەی تا ڕادەیەك کەمی ئەو بەشێوەیەکی سیستماتیك لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی ناوچەکە پرش و بڵاو بووە، بە جۆرێك کە ڕێژەی دیاریکراو بۆ هەر بەشێك لە هەر وڵاتێك لەڕووی چەندییەوە لە ئاستێکی نزم دایە و ناتوانێ ببێتەهۆی چاکسازییەکی قووڵ و بنەڕەتی و سەقامگرتوو.

ڕێبەرانی وڵاتانی عەرەب پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە بە پشت بەستن بە ئابووری دەوڵەتی و ناکارامە، ناتوانن خواستەکانی حەشیمەتی ڕوو لەگەشە و لاوی خۆیان دابین بکەن، بەڵام زۆربەیان تێدەکۆشن هەتا چاکسازی ئابووری و ڕیفۆرمی دەزگا دەوڵەتییەکان بەبێ ئاڵوگۆڕ لە دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و لە چوارچێوەی بارودۆخی پاوانکراودا بەڕێوە بچێ. مەبەستی ڕاگەیاندراوی گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە ئەوە بوو کە بە هاوکاریکردنی هاوولاتیان و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان ڕەوتی چاکسازی ناوچەکە لەم خولە یەك لە دوای یەکە بە خۆڕاییە، بێنێتە دەرێ، بەڵام لە کردەوەدا تا ئێستا ئەم ئەرکە گرنگە بەڕێوە نەچووە.



**خشتەی (1)**

سەرچاوە: Tamara Cofman، 2004




## 3- تایبەتمەندیی تیۆرییەکان

گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە هاوکات دوو مەبەستی تەواوکەر، بەڵام لە کۆتاییدا جیاواز دەگرێتەبەر، یانی گەشەی دیموکراسی و پەرەپێدانی ئابووری. **مەبەستی یەکەم:** بەڕێوەبردنی چاکسازی سیاسی و **مەبەستی دووەم:** چاکسازی و نەهێشتنی کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتییە، بەڵام دەقی بەڵگەنامەی "گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە" ئەوەندە ڕوون نییە کە بتوانین بڵێین ئەم مەبەستانە بە وردی چۆن بەڕێوە دەچن، پێوەندی ئەوان لەگەڵ یەکتر چۆنە، کامەیان لە پێش ئەوەی دیکەیانە، میکانیزمی بەڕێوەبردن و پرۆگرامە دیارەکان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم مەبەستانە کامانەن و دەبێ ئەو بڕە ئیمکاناتە زیاتر بۆ چ مەبەستێك بەکار بهێنرێ.

زۆربەی لێکۆڵینەوە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەری دەخەن کە بە چوونە سەری داهات، ویست و توانایی کۆمەڵگا بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیان، باشترکردنی هەلومەرجی کار و گەشەی دیموکراسی دەچێتە سەرێ بۆ وێنە، لێکۆڵینەوەکانی "رابێرت بارۆ" نیشانی دەدا کە پەرە ئەستاندنی ئابووری و باشتر بوونی ئاستی ژیان "کە بەپێی نا پاڵفتەی نەتەوەیی، ڕێژەی مردنی منداڵان

و ڕێژەی حەشیمەتی ژن و پیاوی خاوەن بڕوانامەی سەرەتایی پێوانە دەکرێ" بە درێژایی زەمەن ئەگەری دیموکراتیزە بوونی بونیادە سیاسییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو دەباتە سەرێ[27]. بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە خەڵکی کۆمەڵێك داخوازیان هەیە کە لە سەرووی هەموویانەوە دابین بوونی پێداویستییەکانی ژیان و لە پلەی خوارەوەتر ئازادی سیاسییە[28]. لێکۆڵینەوەکانی "ریچارد پورنێر" دەری دەخا کە چوونە سەری داهاتی نێونجی[29] پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ چوونەسەری سەقامگیری سیاسی، چونکە وڵاتانی دەوڵەمەند ئاسانتر دەتوانن فشاری ماڵیی سیستەم گەلی قەزایی و ئەمنیەتی بەهێز، لە هەمان کاتدا مرۆیی قبووڵ بکەن[30]. بەگشتی ئەم کۆمەڵەیە لە لێکۆڵینەوەکاندا ئەم ڕاستیە دەردەخەن کە پێداگرتنی لەسەر دیمۆکراسی بە تەنیایی وەڵامدەر نییە، بەڵکو پرۆگرامی ریفۆرمی ناوچەکە دەبێ چاکسازی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی هاوکات کاری بۆ بکا و ڕەنگە لە لێکدانەوەی کۆتاییدا چاککردنی بارودۆخی ئابووری گرنگییەکی زۆرتری پێ بدرێ.

هەروەها ئەزموونەکان دەریانخستووە ئەو ڕێگایانەی وڵاتان بۆ بەرەێوەبەریی ڕەوتی بە جیهانیبوون و پەیوەست بوون بە ئابووری جیهان هەڵیانبژاردووە خاوەنی کاریگەری بەرچاوە لەسەر گۆرانکاری سیاسی ئەوان، بۆ وێنە پەرەسەندنی دامەزراوە دیموکراتییەکان. لەو جێگایەی بە جیهانیبوون دەبێتەهۆی گەشەی ئابووری، چوونە سەری سەروەتی نەتەوەیی و باشتربوونی ئاستی ژیانی خەڵك، ڕۆڵی ئەرێنی و کاریگەری لە پەرەسەندنی دیموکراسی و گەشەی دامەزراوە دیموکراتییەکان دەگێرێ. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بە جیهانی بوون ببێتەهۆی بێکاری و چوونە سەری سەرسوڕهێنەری نابەرانبەری ئابووری، زۆرتر بەرەو ناسەقامگیری سیاسی، هەڵچوون دژی بازرگانیی ئازاد، گەڕانەوە بۆ ئابووری دەوڵەتی و داخراو، هەرەسهێنانی ئابووری و لاوازبوونی دامەزراوە دیموکراتییەکان دەڕوا.

ناڕوونی و گشتی بوونی لە ڕادەبەدەری ئامانجەکانی گەڵاڵە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە، نەبوونی بودجەی پێویست، دردۆنگی و لەرزۆکی وڵاتانی ئەوروپایی، دژایەتی توندی دەوڵەتە عەرەبییەکان و بێ بڕوایی بیروڕای گشتی



ناوچەکە بەرامبەر بە ئەمەریکا بە تایبەت پاش پەلامار بۆسەر عێراق، دەبێتەهۆی ئەوەی کە زۆر کەس بەرامبەر بە سەرکەوتنی ئەم گەڵاڵەیە ڕەشبین بن.

گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بریتییە لە لیستێکی دوورودرێژ لە چالاکی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە سەرنجدان بە ئیمکاناتی بەرتەسك، بەرێوەبردنی هاوکات و یەکسانی تەواوی ئەم چاکسازییانە نە بە قازانجە و نە بەرێوە دەچێ. دارشتنی پرۆگرامێك بۆ ئەم ئامانجە و دەستنیشانکردنی ڕێکارێکی دیاریکراو بۆ هەریەك لە وڵاتانی ناوچەکە، لەسەر بناغەی هەلومەرجی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرچاوی ئەوان بۆ سەرکەوتنی پرۆگرامی چاکسازی پێویستە. لەم بوارەدا ئەزموونی چاکسازی ئابووری و سیاسی لە وڵاتانی ئەوروپایی ڕۆژهەڵات دەتوانێ دەرسێکی باش بێ بۆ وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست.

وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی پشت بە داهاتی نەوت دەبەستن لەڕووی قەوارەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە خاوەنی خاڵی هاوبەشی جێگای سەرنجن کە ئەوان لە وڵاتانی دیکە جیا دەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا، جیاوازی بەرچاو لە نێوان ئەم وڵاتانەشدا هەیە کە دەبێ لە دارشتنی پرۆگرامی چاکسازی بایەخی پێ بدرێ. لەم پێناوەدا، لێکدانەوەی تایبەتمەندییەکانی ریسکی سیاسی و ئابووری وڵاتانی ناوچەکەکە هەموو ساڵێك لەلایەن "MENA" ئامادە دەکرێ و دەکرێتە ڕاپۆرت دەدرێ کە جێگای سەرنجە. پێوەرەکانی "MENA" وڵاتانی ناوچەکە لەسەر بنەمای ریسك گەلێك کە سەرمایەگوزاری کورتخایەن و درێژخایەن لەگەڵیدا بەرەوڕوویە لە نێوان (1 تا 10) پۆلێن بەندی دەکا. قورسایی پارامێترە سیاسییەکان لە تایبەتمەندییەکانی ریسکی "MENA" دوو سێهەمە کە بریتییە لە ڕێژەی سەقامگیری نێوخۆیی و زیان لێکەوتنی لە بەرامبەر دەستێوەردان و هەرەسە سیاسی و سەربازییەکانی دەرەوە. ئەوەی کە دەمێنێتەوە پێوەندی هەیە بە پارامێترە ئابوورییەکان کە هەڵسوکەوت و داهاتووی ئابووری گەورە و تێکۆشانی دەوڵەت لە بواری کەرتی تایبەتیدا دەگرێتە خۆ.

بەپێی راپۆرتی "MENA" پۆلێن بەندی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەفریقای باکوور بۆ ساڵی (2000) بەم شێوەی خوارەوەیە کە جیاوازیە بەرچاوەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکە دەردەخا[31].

عێراق (1/8) "ئابووریەکی وێران".

ئەلجەزیرە (3/3) "بوونی بێکاریەکی بەربڵاو، بەستراوەیی لە رادەبەدەر بە داهاتی نەوت و گاز، کێشە نێوخۆییەکان".

ئێران (4/0) "بوونی چەندین قۆڵ و ئاڵۆزیی سیاسی، نرخی سەرسورهێنەری هەڵاوسان و بێکاری، گەندەڵی و بازاڕی رەشی بەربڵاو، نارەزایەتی روو لە گەشەی توێژی مودێرن بە تایبەتی ژنان و خوێندکاران".

بەحرێن (5/3) "کێشەی قەومی - مەزهەبی لە نێوان شیعەکان و سوننەکان، گرژی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو، بەستراوەیی بە داهاتی نەوت، رێبەری نوێ و تا رادەیەك بێ ئەزموونی شێخ حامد".

عەممان (5/6) "نەبوونی کار بۆ حەشیمەتی خۆجێی، نەبوونی جۆراوجۆری ئابووری، بەستراوەیی بە یارمەتی ئابووری دەرەوە".

عەرەبستانی سعودی (5/6) "گەشەی روو لە زیادبوونی ناڕازییەکانی سیاسی و پەرە ئەستاندنی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەستراوەیی یەکجار زۆر بە نەوت، ئابووریی لاواز و گەشەی ئابووری لەسەرەخۆ".

قەتەر (6/2) "گرژی لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەب، کێبەرکێ لەلایەن بەندەرو ناوەندەکانی ئابووری نوێ لە ناوچەکەدا".

پێوەرەکانی ئازادیی ئابووری "Economic Freedom" و چۆنییەتی حوکمڕانی "Governance" دوو ئامرازی بە کەڵکن بۆ ئەوەی بزانین بۆ چاکسازی ئابووری و سیاسی هەروڵاتێك دەبێ لەسەر چ لایەنێك زیاتر پێداگیری؟

پێوەری "ئازادیی ئابووری" "واڵ ئیستریت ژورناڵ" وێنەیەکی گشتی لە رێژەی داخران و ئابووری دەوڵەتی، دەستێوەردانی بەربڵاوی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا، رێژەی لەسەربوونی ئاستی ماڵیاتەکان و بودجەی دەوڵەت، سەربەخۆیی دەزگای



دادوەری، کۆنترۆڵی توندی وەبەرهێنانی دەرەکی و رێژەی پەرەسەندنی بازاڕی رەش و ئابووری غەیرە فەرمی دەدا بە دەستەوە "سەرنج بدەنە خشتەی (1)، رەقەمی بەرز، بۆ وێنە نزیك بە (5) نیشانەی دەستێوەردانی بەربڵاوی دەوڵەتە لە ژیانی ئابووریدا لە حاڵێکدا رەقەمێکی خوار بۆ وێنە (1) نیشانەی ئابووری کراوە و ئازادە. پێوەری "ئازادی ئابووری" ئەوە دەردەخا کە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەڕووی ئازادیی ئابوورییەوە لە ئاستی نێوەنجی وڵاتانی لە حاڵی تێپەربوونی ئەوروپای رۆژهەڵات و ئاسیایی ناوەندیدایە. بەم جیاوازییە کە ئەم گروپە لە وڵاتان لە (1995) هەتا (2002) لە بەرێوەبردنی چاکسازی ئابووری بە شێوەیەکی بەرچاو سەرکەوتوو بوون، لە حاڵەتێکدا وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە بواری چاکسازی ئابووری هەنگاوی کاریگەری هەڵنەگرتووە و نەیتوانیوە گەشە بکا، هەروەها لە نێوان وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا جیاوازی بەرچاو دەبینرێ، هێندێك لەوانە وەك ئێران، لیبیا و عێراق خاوەنی ئابووریەکی بە تەواوی داخراو دەوڵەتییە، هەروەها لەنێو وڵاتانی دیکەشدا رێژەی ئازادیی ئابووری یەك شێواز و سەقامگرتوو نیە، بەم مانایە کە لە هێندێك لە بوارەکان ئازادیی ئابووری بە شێوەیەکی بەرچاو هەیە، بەڵام لە بوارەکانی دیکەدا رێژەی دەستێوەردانی دەوڵەت زۆرە. ئەمە لە حاڵێکدایە بەپێی دوایین لێکۆڵینەوە ئازادیی ئابووری کاتێك دەتوانێ زۆرترین کاریگەری لەسەر پەرەسەندنی ئابووری دابنێ کە بە شێوەی سیستماتیك لە هەموو بوارەکاندا لەبەر چاو بگیرێ.

ئەو لێکۆڵینەوانەی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان پەرەسەندنی ئابووری و سیستەمی حوکمڕانی "governance" بەرێوە چوون دەری دەخا کە نەبوونی توانایی و لاوازی سیستەمی حوکمڕانی یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی دواکەوتووی ئابووری و سیاسییە[32]. پێوەرەکانی بانکی جیهانی کە بۆ ساڵەکانی (1996، 1998، 2000، 2002) لەبەردەستدایە، (199) وڵاتی جیهانی لەسەر بنەمای شەش لایەنی سیستەمی حوکمڕانی پۆلێن بەندی کردووە. ئەم لایەنانە بریتین لە:

**بەشداریکردن و وەڵامدانەوە**[33]: ئەم تایبەتمەندیە لایەنە جۆراوجۆرەکانی پرۆسەی بەشداری ئازادیەکانی مەدەنی و مافی سیاسی دەپێوێ ، لەوانە

سەربەخۆیی ڕاگەیاندنە گشتییەکان و لەسەر یەك ڕێژەی بەشداری هاووڵاتیـان لـە هەڵبژاردنی دەوڵەت و وەڵامدانەوەی دەوڵەت لە بەرامبەر هاووڵاتیاندا.

**سـەقامگیری سیاسـی و ئەمنیـەت**[34]: ئـەم تایبەتمەندیـەی جیاوازییـە جۆراوجۆرەکـانی لـە خـۆ دەگـرێ کـە ئەگـەری ناسـەقامگیری و هەرەسـهێنانی سیستەمی حکومەتی هەڵدەسەنگێنێ.

**لێهاتوویی دەوڵەت**[35]: ئەم تایبەتمەندیەی لایەنە جۆراوجۆرەکـانی چـۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمـەتگوزاری دەوڵـەتی: چـۆنییەتی دیوانـسالاری، لێهـاتوویی دەزگای دەوڵەت و سەربەخۆیی کارمەندانی دەوڵەت لـەژێر فـشارە سیاسـییەکان لەخۆ دەگرێ، بەگشتی لێهاتووی دەوڵەت، ئاستی بایەخی دەوڵەت، پابەنـدبوونی بە سیاسەتە ڕاگەیاندراوەکان و متمانەی خەڵك بە دەوڵەت ئەندازە دەگرێ.

**چۆنییەتی سیستەمگەلی چاودێری و ڕێکخستن**[36]: بابەتی ئەم تایبەتمەندییە خـودی سیاسەت و پرۆگرامەکانی دەوڵەتە "نە دەزگای ئیداری دەوڵەت" و ڕێـژەی نـەگونجانی ئـەم سیاسەتانە لەگەڵ یاسا و پێوەندیەکانی بازاڕ، لاوازی و لێهاتووی سیستەمەکانی چـاودێری و ڕێژەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری هەڵدەسەنگێنێ.

**حکومەتی یاسا**[37]: ئەم تایبەتمەندییـە جیاوازییـە جۆراوجۆرەکـانی ئاسـتی دڵنیایی و پابەندبوونی هاووڵاتیـان بـە یاسـای کۆمـەڵگا ئەنـدازە دەگـرێ، وەك ڕێژەی ئەگەری شکاندنی یاسا و خولقاندنی تاوان ، ڕێژەی لێهـاتوویی و دڵنیـایی دەزگای دادوەری و گەرەنتی بەڕێوەبردنی ڕێککەوتننامەکان.

**کۆنترۆڵی گەندەڵی**[38]: ئەم تایبەتمەندییـە ڕێـژەی بڵاوبوونـەوەی گەنـدەڵیی کۆمەڵایەتی دەپێوێ. لێرەدا مەبەست خـراپ کـەڵك وەرگرتنـە لـە دەسـەڵات و پۆستی دەوڵەتی و کۆمەڵایەتیە بۆ وەدەست هێنانی قازانجی تاکەکەسی کـە ڕێـز نەگرتنی تاکی گەندەڵە لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان کە لـە ئەنجامـدا بەڕێوەبـەریی کۆمەڵگا ناموومکین دەکا.

پێوەری چۆنیەتی سیستەمی حـوکمڕانی "governance" کـە نێـوەنجی شـەش پێوەری سەرەوەیە وێنەیەکی گشتی لە ڕێژەی بەشداری خەڵك لە بەڕێوەبەریی سیاسی



کۆمەڵگا، وەڵامدانەوەی دەوڵەت لە بەرامبەر هاووڵاتیانـدا، سـەقامگیری سیاسـی، لێهاتوویی دەزگا و سیاسەتەکانی دەوڵەت و ڕێژەی پابەندبوون و ڕێزی دەسەڵاتداران و هاووڵاتیان بۆ حکومەتی یاسا بەدەستەوە دەدا "سەرنج بدەنە خشتەی (2)، ڕەقەمی نێگەتیف ناسازگاری سیستەمی حوکمڕانی دەردەخـا"، هـەروەك تێبـینی دەکرێ، لەڕووی چۆنیەتی و دڵخوازیی سیستەمی حوکمڕانی، ناوچەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت هاوشانە لەگەڵ ئەو دەستە لەو وڵاتانە کە لە حاڵی تێپەڕبوونی تا ڕادەیەك بەستراوە و کەم داهاتن، دووبارە لەنێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جیاوازی بەرچاو دەبینـرێ، بەپێی تایبەتمەندییەکانی بانکی جیهانی، لە هێندێك لە وڵاتان وەك "ئێران، عێـراق، لیبیـا، جـەزائیر و نایجریـا" سیـستەمی حـوکمڕانی لـە تـەواوی لایەنەکانـەوە زۆر ناسازگارە. لە حاڵێکدا بارودۆخ لە وڵاتەکانی دیکە تا ڕادەیـەك باشـە، بـەپێی ئـەم پێوەرانە دەتوانین دیـاری بکـەین کـە بەرنامـەی چاکسازی سیاسـی بـە گـشتی و یەکەیەکەی وڵاتانی ناوچەکە دەبێ چۆن بێ و لەسەر چ خاڵێك زیاتر پێ دابگیرێ، لـە سەریەك پێوەرەکانی بانکی جیهانی ئەمە دەردەخەن کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیای باکوور، لە بواری ڕێـژەی بەشـداری خـەڵك لەمـەڕ چارەنووسـی خۆیـان خاوەنی نەگونجاوترین سیستەمی حوکمڕانین.

**خشتەی -1- پێوانەکانی ئازادیی ئابووری**

| وڵات | 2000<br>2002 | 1995<br>1999 | بەشداری | سەقامگیریی سیاسی | کارلێهاتوویی دەوڵەت | چۆنییەتی سیاسەتەکانی دارێژراوی ئابووری | حکوومەتی یاسا | چاودێری گەندەڵی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وڵاتانی بەستراوە بە ڕانت | | | | | | | | |
| ئەلجەزیرە | 1.02 | 1.13 | 1.21 | 2.09 | 0.75 | 0.80 | 0.68 | 0.59 |
| بەحرێن | 0.28 | 0.15 | 1.01 | 0.03 | 0.56 | 0.86 | 0.86 | 0.45 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئێران | 0.68 | 0.72 | 0.91 | 0.29 | 0.31 | 1.39 | 0.56 | 0.60 |
| عێراق | 1.94 | 2.00 | 1.95 | 2.21 | 1.63 | 2.92 | 1.59 | 1.31 |
| کوێت | 0.37 | 0.33 | 0.26 | 0.44 | 0.14 | 0.05 | 0.94 | 0.90 |
| لیبیا | 1.25 | 1.39 | 1.56 | 0.92 | 1.10 | 2.08 | 0.97 | 0.88 |
| عومان | 0.59 | 0.53 | 0.64 | 0.92 | 0.88 | 0.58 | 1.10 | 0.69 |
| قەتەر | 0.52 | 0.45 | 0.72 | 1.14 | 0.72 | 0.31 | 1.06 | 0.60 |
| عەرەبستان | 0.07 | 0.12 | 1.30 | 0.15 | 0.11 | 0.04 | 0.67 | 0.17 |
| ئیمارات | 0.45 | 0.69 | 0.61 | 0.96 | 0.58 | 0.69 | 1.10 | 0.70 |
| نایجریا | 1.12 | 1.15 | 1.07 | 1.38 | 1.16 | 0.74 | 1.21 | 1.15 |
| ئەنگۆلا | 1.51 | 1.40 | 1.35 | 1.99 | 1.35 | 1.48 | 1.44 | 1.12 |
| نێونجی | 0.38 | 0.48 | 1.05 | 0.44 | 0.29 | 0.58 | 0.06 | 0.17 |
| ولاتانی روو له گەشه ------- ------- - تا رادەیەك بەستراو (*) | 0.84 | 0.74 | 0.79 | 0.42 | 0.82 | 0.99 | 0.84 | 0.88 |
| تا رادەیەك ئاوەڵا(**) | 0.41 | 0.27 | 0.59 | 0.51 | 0.19 | 0.46 | 0.20 | 0٬08 |

* ئەرمەنستان، ئازەربایجان، بلاroوس، گورجستان، قەزاقستان، مالدڤیا، رووسیا، تاجیکستان، تورکمەنستان، ئۆکراین

** ئەڵبانیا، بولگاریا، کرواسی، چیك، ستونیا، هەنگاریا، لاتویا، لیتوانیا، ماسدونیا، پۆڵۆنیا، رۆمانیا، سلواکیا، سلوانیا



## خشتەی 2: پێوەری چۆنییەتی حوکمڕانی بانکی جیهانی

| وڵات | 2002 1999 | 1995 1999 | تیجارەت | بودجە | دەستێوەردانی دەوڵەت | سیاسەتی دراو | وەبەرهێنانی دەرەکی | کەرتی بانکی و دارایی | نرخ و مووچەکان | یاساکانی خاوەندارێتی | چاودێری و دارشتنی کاروباری ئابووری | بازاری رەش و نافەرمی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ولاتانی بەستراوە بە رانت | | | | | | | | | | | | |
| ئەلجەزیرە | 3.31 | 3.65 | 4.80 | 3.20 | 3.20 | 3.50 | 2.70 | 3.20 | 3.00 | 3.40 | 3.00 | 3.00 |
| بەحرێن | 2.02 | 1.83 | 2.40 | 1.98 | 3.30 | 1.00 | 2.00 | 1.60 | 2.30 | 1.00 | 1.70 | 2.40 |
| ئێران | 4.54 | 4.73 | 4.44 | 3.90 | 4.22 | 4.67 | 4.67 | 5.00 | 4.00 | 5.00 | 4.44 | 5.00 |
| عێراق | 4.93 | 4.85 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 4.14 | 5.00 |
| کوێت | 2.58 | 2.45 | 2.11 | 2.67 | 394 | 1.11 | 4.00 | 3.00 | 3.00 | 1.44 | 2.44 | 2.11 |
| لیبیا | 4.68 | 4.95 | 5.00 | 3.72 | 4.89 | 4.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 |
| عومان | 2.77 | 2.77 | 2.60 | 3.30 | 4.15 | 1.00 | 3.40 | 3.40 | 3.00 | 2.50 | 2.60 | 2.00 |
| قەتەر | 3.01 | | 2.83 | 3.27 | 3.92 | 1.17 | 3.00 | 3.67 | 3.17 | 3.00 | 4.00 | 1.67 |
| عەرەبستان | 3.16 | 2.98 | 4.00 | 2.72 | 4.06 | 1.11 | 3.78 | 3.44 | 2.78 | 2.22 | 2.67 | 2.22 |
| ئیمارات | 2.29 | 2.35 | 2.00 | 1.50 | 3.11 | 1.33 | 3.56 | 3.11 | 2.89 | 1.33 | 2.22 | 1.11 |
| نایجریا | 3.73 | 3.44 | 5.00 | 2.80 | 2.55 | 4.40 | 2.50 | 3.90 | 2.20 | 3.50 | 4.00 | 3.55 |
| ئەنگۆلا | 4.48 | 4.43 | 5.00 | 4.00 | 4.33 | 5.00 | 4.00 | 4.00 | 4.00 | 4.00 | 5.00 | 4.83 |
| نێونجی | 3.43 | 3.49 | 3.77 | 3.23 | 3.89 | 2.77 | 3.63 | 3.69 | 3.36 | 3.12 | 3.44 | 3.07 |
| **ولاتانی روو له گەشه** | | | | | | | | | | | | |
| تا رادەیەك بەستراو * | 3.77 | 4.02 | 3.73 | 3.34 | 3.12 | 4.58 | 3.53 | 3.75 | 3.58 | 3.73 | 4.03 | 4.46 |
| تا رادەیەك ئاوەڵا ** | 2.81 | 3.11 | 2.85 | 3.83 | 2.65 | 3.64 | 2.30 | 2.48 | 2.56 | 2.98 | 3.14 | 3.49 |

* ئەرمەنستان، ئازەربایجان، بلاrووس، گورجستان، قەزاقستان، مالدویا، رووسیا، تاجیکستان، تورکمەنستان، ئۆکراین

** ئەلبانیا، بولگاریا، کرواسی، چیك، ستونیا، هەنگاریا، لاتویا، لیتوانیا، ماسدونیا، پۆلۆنیا، رۆمانیا، سلواکیا، سلوانیا

رەوتی چاکسازی ئابووری و سیاسی کاتێك بە پلەیەکی دیاریکراوی پەرەئەستاندن دەگا، لە سەر پێ رادەوەستێ و گەشە دەکا، بەم مانایە کە لە بەرامبەر گێروگرفتە کاتیەکاندا راناوەستێ و پرش و بلاو نابێ، بەڵکو بەردەوام دەبێ لە پێشکەوتنی خۆی و سەرکەوتنی هەر قۆناغێك دەبێتەهۆی سەرکەوتنی چاکسازی بە شێوەی بنەرەتی و هەمەلایەنە لەم رەوتەدا، چاکسازی ئابووری و سیاسی یەکتر بەهێز دەکەن بە جۆرێك هەر یەکەو رێگا بۆ ئەوی دیکە خۆش دەکا. لە روانگەیەکی دیکەوە، پێشکەوتنی پرۆگرامی چاکسازی دەبێتەهۆی خێراتر پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی ولات کە ئەمەش بۆ خۆی بەردەوامی و پێشکەوتنی داهاتووی رەوتی چاکسازی ئاسانتر و خێراتر دەکا، بەڵام لە وڵاتانی خاوەن نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەراست، پشت بەستن بەداهاتی نەوت و رانتی نەوت پەیوەندی نێوان چاکسازی ئابووری و سیاسی لاواز دەکا، ئیزن بە دەسەڵاتدارانی سیاسی دەدا بەرێوەبردنی چاکسازی سیاسی هەموو کاتێك بۆ داهاتوو دوا بخەن و نەهێڵن رەوتی چاکسازی سیاسی و ئابووری بچێتە قۆناغی سەقامگیری و بۆ خۆی گەشە بکا.

بانکی جیهانی وڵاتانی جیهانی لەسەر بنەمای ئاستی داهاتی ئەوان بە سێ گروپی: پڕدا هات، نێوەنجی و کەم داهات دابەش کردووە، لەم پۆلێن بەندیەدا، (25%) وڵاتانی جیهان لە گروپی پڕداهات، (30%) لە گروپی کەم داهات و (45%)ی دیکە لە گروپی نێوەنجی هەڵکەوتووە، بەپێی تیۆری جفری گرات وڵاتانی گروپی نێوەنجی لە پرۆسەی بە جیهانی بووندا لەگەڵ کێشەیەکی بنەڕەتی بەرەوروون لەبەرئەوەی نە لەگەڵ وڵاتانی دەوڵەمەند و ئابووریی پشت بەستوو بە زانست، توانای کێبەرکێیان هەیە و نە لەگەڵ وڵاتانی کەم داهات کە لەودا ئاستی مووچە لە خوارەوەیە[39]. "جفری گرات" لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بۆ دەربازبوون لەم کێشەیە، وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەکەونە خانەی وڵاتانی



نێونجییەوە، بەڵام کێبەرکێ لە ئابووری جیهان بۆ ئەوان زۆر دژوارترە لە وڵاتانی دیکەی کە لەم گرووپەدان، وەك رووسیا و وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات، لەبەرئەوەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە بواری ئاستی داهاتدا پلەی بەرزترە لە گرووپی نێونجی، بەڵام لە بواری ئاستی پسپۆری هێزی کار و کێبەرکێ لە ئابوورییەك کە تەوەرەکەی زانستە، زۆر لە خوارەوەی ئەم گرووپەیە.

## 4- بەراوردکردن لەگەڵ سیاسەتی ئەوروپا

### گەلاڵەی ئەوروپا

وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا گەلاڵەی جۆراوجۆریان بۆ بەرەوپێش بردنی گۆڕانکاری دێموکراتیك لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئافریقا پێشکەش کردووە کە گرینگترینیان گەلاڵەی هاوکاری ئەوروپا و مەدیتەرانەیە (Europe - Mediterrane an Porthership (EMP)) کە بە پەیمانی بارسلۆنا ناسراوە. پرۆسەی بارسلۆنا لەراستیدا سیاسەتی فەرمی و راگەیەندراوی یەکێتی ئەوروپایە لە هەمبەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە. "پرۆگرامی دراوسێکانی ئەوروپا" و "ستراتیژی ئەمینیەتی ئەوروپا" دوو گەلاڵەی دیکەن لە گەلاڵەکانی ئەوروپا لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی چاکسازی رۆژهەڵاتی ناوەراست.

ماوەیەك پێش هاتنە بەرباسی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە، وڵاتانی ئەوروپایی چەندین ساڵ بوو خەریکی دارشتنی گەلاڵە گەلێکی لەو چەشنە بوون بە مەبەستی چاکسازی سیستمەکانی سیاسی و ئابووری دەوڵەتەکانی ناوچەی مەدیتەرانەی رۆژهەڵات و لکاندنیان بە بازارەکانی ئەورووپاوە. دوابەدوای ئیمزای رێککەوتننامەی هێلسینکی لەناوەراستی دەیەی (1970)، دەوڵەتەکانی باشووری ئەورووپا کە نیگەرانی مەترسی زۆربوونی مەودای ئابووری و حەشیمەتی نێوان لێوارەکانی باکوور و باشووری مەدیتەرانە بوون، لە ساڵی (1989) باسێکیان سەبارەت بە پێکهێنانی کۆنفرانسی ئەمنیەت و هاوکاری لە ناوچەی مەدیتەرانە[40] (CSCM) دەست پێکرد. لە رەوتی ئەم پرۆسەیەدا ئەورووپاییەکان

بڕیاریاندا هەتا بایەخی زیاتر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئافریقای باکوور بدەن و تەنیا خۆیان بە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ناوەندەوە خەریك نەكەن.

لە نۆڤەمبەری (1995) یەكێتی ئەوروپا كۆنفرانسی "هاوكاری ئەوروپا و مەدیتەرانە"ی لە شاری بارسلۆنای ئیسپانیا بەڕێوەبرد كە بووە هۆی بەستنی ڕێككەوتننامەیەكی ناوچەیی ناسراو بە ڕێككەوتننامەی بارسلۆنا، لەگەڵ (12) وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكووری ئافریقا، واتە ئەلجەزیرە، قوبرس، میسر، ئیسرائیل، ئۆردۆن، لوبنان، ماڵتا، مەراكیش، سوریە، تونس، توركیا و دەوڵەتی ئۆتۆنۆمیی فەلەستین. ئەم ڕێككەوتننامەیە لە ڕاستیدا پرۆگرامی هاوبەشی یەكێتی ئەوروپا بۆ سەقامگیركردن و پەرەپێدانی ئابووری و سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكووری ئافریقایە كە بریتییە لە یارمەتییەكانی پەرەپێدانی ئابووری، ئازادكردنی بازرگانی، بردنە سەری ئاستی مافی مرۆڤ، چاكسازی سیاسی، ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی، پشتیوانیكردن لە سەقامگیری ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین و خەبات دژی بناژۆیی و تیرۆریزم. ڕێككەتننامەی بارسلۆنا پێكهێنانی ناوچەیەكی بازرگانی ئازاد تا ساڵی (2010) لە دەستووری كاری خۆیدا داناوە، بەڵێنی دەدا بە دابینكردنی قەرز و یارمەتی بەرچاوی ئابووری بەو (12) وڵاتە كە ڕێككەوتننامەكەیان ئیمزا كردووە و تەواوی وڵاتانی ئاماژە پێكراویش پێویستە پابەندبن بە "پەرەپێدانی حكومەتی یاسا و دیموكراسی"، گەرەنتی مافی مرۆڤ و مافی كەمایەتییەكان و هەروەها "ئازادی ڕادەربڕین، كۆبوونەوەی ئەندێشەو عەقیدە".

یەكێك لە سەركەوتنە بەرچاوەكانی گەڵاڵەی "هاوكاری ئەوروپا و مەدیتەرانە" پێكهێنانی ڕیفۆرمێكی ناوچەییە بۆ دیالۆگ لە نێوان وڵاتانی پێوەندیدار بە ڕەوتی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كە تەنیا فۆڕمە بۆ پێكهێنانی ئەم مەبەستە لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان، هەروەها یەكێتی ئەوروپا گەورەترین سەرچاوەی یارمەتی داراییە بە دەوڵەتی ئۆتۆنۆمیی فەلەستینە.

بەرزكردنەوەی ئاستی بازرگانی ئازاد و پێكهێنانی تێكهەڵكێشكردنی ئابووری ناوچەیی لە نێو خۆی ناوچەكە و نێوان ناوچەكە و یەكێتی ئەوروپا ئامانجی بنەڕەتی



گەڵاڵەی "هاوكاری ئەوروپا و مەدیتەرانە"یە. ئێستا ڕێككەوتنامەی دوولایەنەی هاوپێوەندی (Bilateral Asso ciation Agreements) لە نێوان یەكێتی ئەوروپا و ئەو وڵاتانەی كە ڕێككەوتننامەی بارسلۆنایان ئیمزا كردووە بێجگە لە سوریا، ئیمزا كراوە. ڕێككەوتننامە لەگەڵ سوریاش كۆتایی پێكهاتووە و ئامادەی ئیمزایە. لە ئاكامی ڕێككەوتننامەی توركیا، لە ساڵی (1996) یەكێتییەكی گومركی لەگەڵ ئەوروپا دامەزرا و دەست بەكار بوو. لە ئەوەڵی مانگی مەی (2004) وڵاتی قوبرس و ماڵتا بە یەكێتی ئەوروپا پەیوەست بوون. لەبواری ئاوێتەكردن لەنێو خۆی ناوچەكە لە (25)ی فێبرییەی (2004) وڵاتانی میسر، ئۆردۆن، مەراكیش و تونس، بە پشتیوانی یەكێتی ئەوروپا ڕێككەوتننامەی ناسراو بە ئاقادیر (Agadir Agreement) یان بۆ پێكهێنانی ناوچەیەكی بازرگانی ئازادی ناوچەیی ئیمزا كرد.

لە ساڵی (1995) یەكێتی ئەوروپا ساڵانە نزیك بە یەك بلیۆن دۆلار بەمەبەستی بەڕێوەبردنی چاكسازی سەرەوە یارمەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باكووری ئافریقا بەتایبەتی دەوڵەتی فەلەستینی كردوە. سەرەڕای ئەو یارمەتییە ماڵییانە كە وەرناگیرێنەوە، بڕێكی یەكجار زۆریش قەرز لە لایەن بانكی سەرمایەگوزاری ئەوروپا دەدرێتە وڵاتانی ناوچەكە. بۆ وێنە، لە ساڵی (2003) یەك بلیۆن یۆرۆ وەك یارمەتییەك كە وەرناگیرێتەوە و (2) بلیۆن یۆرۆ وەك قەرزی "هەرزان" درایە وڵاتانی ناوچەكە.

لە مارسی 2003 یەكێتی ئەوروپا پرۆگرامێكی نوێی بە ناوی "دراوسێكانی ئەوروپا" بۆ ئەو وڵاتانەی خاوەن سنووری هاوبەشن لەگەڵ یەكێتی ئەوروپا پێشكەش كردووە، بەڵام داهاتووی پەیوەست بوونی ئەوان بە یەكێتی ئەوروپا دیار نییە، سەرەڕای وڵاتانی باشووری مەدیتەرانە وڵاتانی ئۆكراین، مولداڤیا و بلارووسیش دەگرێتەوە. بە پێی ئەم گەڵاڵەیە، ئەم وڵاتانە ئەگەر خاوەنی پێوانە گونجاوەكانی یەكێتی ئەوروپا بن كە لە ڕاگەیەندراوی بارسلۆنا ئاماژەی پێكراوە، بە تایبەتی ڕێزلێنان لە حكوومەتی یاسا، دیموكراسی، مافی مرۆڤ و ئازادیی ئابووری، دەتوانن كەڵك لە بازاری نێوخۆیی ئەوروپا وەربگرن و لە پرۆگرامەكانی

ئەم یەکێتییە بەشدار بن (لەوانە ئازادیی هاتوچوو تاکەکان، خزمەتگوزاری، کاڵا و سەرمایە). لە دیسامبری 2004 پرۆگرامێکی دیاریکراو کە بۆ وڵاتانی مەراکیش، تونس، ئوردن، ئیسرائیل و حکوومەتی خودمەختاری فەلەستین ئامادە کرابوو بە پەسند گەیشت و بەمجۆرە وڵاتانی ئاماژەپێکراو دەبنە یەکەمین گرووپ کە لە سوودەکانی پرۆگرامی "دراوسێکانی ئەورووپا" کەڵك وەردەگرن.

ستراتیژی ئەمێنیەتی ئەورووپا لە ساڵی (2003) بڵاوکرایەوە. ئەم بەڵگەیە نیشاندەری ئەو قەیران و مەترسیانەن کە هەڕەشە لە سنووری ژئۆپۆلیتیکی ئەورووپا دەکەن. بەپێی ئەم بەڵگەیە "ستراتیژی ئەمنیەتی ئەورووپا" ئەم هەرەشە هەرە سەرەکییانە بریتین لە تیرۆریزم، پەرەسەندنی چەکی کۆمەڵکوژ، بناژۆیی ناوچەیی، دەوڵەتە بێ پرەنسیپەکان کە پەرە بە ناسەقامگیری وڵاتانی دیکە دەدەن. "ستراتیژی ئەمنیەتی ئەورووپا" ئاماژە بەوە دەکا کە بەشێکی سەرەکی لەم هەڕەشانە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام هاوکات پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە لە بەرانبەر ئەم هەڕەشانەدا دەبێ بە سەرنجدانە تێکرای ئەو هۆکارانەی شکڵیان پێدەدا کەڵك لە ڕێگاچارەی لەباری سیاسی و ئابووری و ڕێکخراوەیی وەربگیرێ.

لەم چوارچێوەدا ڕێکاری سەربازی دوایین هەڵبژاردنە کە تەنیا لە بارودۆخێکی زۆر تایبەتی و پێویستدا تا ئەو جیگایەی دەکرێ لە ژێر چاوەدێری دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا بەڕێوە بچێ.

سەرئەنجام، لە دژکردەوەیەکدا بەرامبەر بە گەڵاڵەی "ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە" وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا دەستیان بە چڕکردنەوەی چالاکییەکانی خۆیان کرد لە ناوچەکەدا. بۆ وێنە، بریتانیا و ئەڵمانیا گەڵاڵەی نوێیان بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆگرامی چاکسازی ناوچەکە پێشکەش کردووە کە بە "گرووپی تایبەتی بۆ دیالۆگ لەگەڵ جیهانی ئیسلام"[41] و "هاوکاری لەگەڵ جیهانی ئیسلام"[42] ناسراوە. لەلایەکی دیکەوە، فەرەنسا، هۆڵەندا و ئیسپانیا یارمەتییەکانی خۆیان بۆ ناوچەکە زیادکردووە، هەروەها یەکێتی ئەورووپا بەڵێنی



داوە کە یارمەتییەکانی خۆی بۆ ئەو دەوڵەتە عەرەبییانە کە ئامادەی بەرێوەبردنی پرۆژەکانی مافی مرۆڤن، زیاد بکا.

### ⋆ جیاوازییەکانی نێوان گەڵاڵەکانی ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا

چەندین ساڵ بوو یەکێتی ئەورووپا باسیان لە پێویستی بەرێوەبردنی چاکسازی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و پشتیوانی گۆڕانکارییە دیموکراتیەکانی ناوچەکە دەکرد. سەرەرای ئەمەش یەکێتی ئەورووپا بەرامبەر بە ئاکامی گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەی ئەمەریکا نیگەرانە، رەخنەی جۆراوجۆری لێدەگرن و بە گومانەوە دەڕواننە سەرکەوتنەکەی. ئەمە لەبەر ئەم هۆیەیە کە گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە لە بەرانبەر گەڵاڵەی ئەورووپادا کاریگەرترە. لەلایەکی دیکەوە ئەورووپا لەوە نیگەرانە کە نوێ پارێزگارانی ئەمەریکا بە نۆژەنکردنەوەی گەڵاڵەی ئەورووپا "رەوتی بارسلۆنا" ڕێبەرایەتی کردنیان لەدەست ئەورووپاییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بێنێتە دەرێ.

ئەمەریکا و ئەورووپا خاوەنی قازانجی هاوبەشن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەتایبەت لە بوارەکانی خەبات دژی تیرۆریزم و پێشگرتن لە پەرەپێدانی چەکە کۆمەڵ کوژەکان، سەقامگیری و ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، دابینکردنی ئەمنیەتی بەرهەمهێنانی و هەناردنی نەوت و پێشگیری لە گەشەکردنی بناژۆیی ئیسلامی، بەڵام لەسەر چۆنیەتی بەدواداچوونی ئەم قازانجانە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ئەمەریکا و ئەورووپادا هەیە. بۆ وێنە ئێستا ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا خاوەنی پێشوازی جیاوازن بۆ بەرێوەبردنی چاکسازی سیاسی و ئابووری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەدا. ئامانجی راستەوخۆی ئەمەریکا گەشەی دیموکراسی و مافی مرۆڤە، ئەم شێوازە پشت بەم گریمانەیە دەبەستێ کە هێزە خوجێییەکان، بەتایبەت چینی دەسەڵاتداری ناوچەکە خاوەنی پاڵنەر و توانایی پێویست نین بۆ بەرێوەبردنی چاکسازی سیاسی و ئابووری لە کاتی خۆیدا، بەڵام بە سەرنجدانە گەشەی خێرای رەوتی بە جیهانی بوون، دەبینین بێ توانایی

ئەم کۆمەڵگایانە لەبەرەوپێشبردن و بەڕێوەبردنی چاکسازی پێویست، هەڕەشە لە ئەمنییەت و سەقامگیری کۆمەڵگای جیهانی دەکا. هەربۆیە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی دەبێ چالاکانە پشتیوانی لە هێزە چاکسازیخوازەکانی ناوچەکە بکا، راستەوخۆ ئامانجی گەشەی دیموکراسی بێ و لە کاتی پێویستدا بێ راستەوخۆ هەڵوێست بگرێ.

لە لایەکی دیکەوە، بۆ ئەوروپا دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی ستراتیجیکی رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا لە رێگای گۆڕانکاریی لەسەرەخۆ، رێنوێنی کراو و ئاشتی خوازانە دەرفەتی جێبەجێ بوونی هەیە. لە روانگەی ئەوروپا، چاکسازی سیاسی و ئابووری لە رۆژهەڵاتی ناوەراست شتێکی پێویستە، بەڵام ئەم چاکسازییە دەبێ بە جۆرێك بەڕێوەبچێ کە قەوارەی سیاسی وڵاتانی ناوچەکە توانایی بەرەوپێشبردنیان هەبێ و نەبێتە هۆی ناسەقامگیری ناوچەکە. هەڵوێستی ئەوروپا لە بەرانبەر چاکسازی سیاسی و ئابووری رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئافریقا لەسەرەخۆ و چاکسازیخوازانەیە. ئەم شێوازە دیموکراسی زەق ناکاتەوە، راستەوخۆ مەبەستیان بەرزکردنەوەی ئاستی دیموکراسی نییە و بودجەی تایبەتییان بۆ تەرخان نەکردووە، ئەم شێوازە راستەوخۆ مەبەستی ئاڵوگۆڕی قەوارەی سیاسی نییە، بەڵکو بەرزکردنەوە ئاستی دیموکراسی بەشێوەی ناراستەوخۆ، لە رێگای بەڕێوەبردنی پرۆژەگەلی دیاریکراو بۆ چاکسازی یاساکان، بردنەسەری پلەی لێهاتوویی، وەڵامدانەوەی و شەفافییەتی سیستەمی بەڕێوەبردنی و حوکمڕانی دەوڵەت، چاککردنی سیستەم گەلی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی، چاکسازی ئابووری، بەهێزکردنی کەرتی تایبەتی، ئازادکردنی ئابووری، بەهێزکردنی دامەزراوەکانی مەدەنی و پرۆژەکانی دیاریکراو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مافی مرۆڤ بەڕێوە دەچێ. لەم شێوازەدا بەرەوپێش بردنی پرۆگرامی چاکسازی وگەشەی دیموکراسی پشت بە لێهاتوویی و توانای هێزە خۆجێیەکان بە تایبەت چینی دەسەڵاتدار دەبەستێ و بەهێزکردنی رەوتی چاکسازی لە رێگای فشاری دیپلۆماتیك و هاندانی ئابووری بەڕێوە دەچێ.



گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە وەك ستراتیژییە گەورەکانی دیکەی ئەمەریکا، گەلاڵەیەکە جیهانی و ئەمنیەتی کە بەڕێوەبردنەکەی زیاتر لە هەرشتێك پشت بە هێزی ئابووری و سیاسی ئەمەریکا وەك تەنیا زلهێزێك لە جیهان دەبەستێ، ئەمە لە کاتێك دایە کە ستراتیژی ئەمنییەتی ئابووری، ناوچەکە زیاتر تەوەرییە و بایەخی زۆرتر بە پێویستی دامەزراوەکان و بەشداریی هێزە خۆجێییەکان دەدا، لە روانگەی ئەوروپا سیستەمە سیاسییەکان دامەزراوەی بونیادییان گەرەکە واتە بە سیتم بوون، کەئەمەش کاتی دەوێ. لەم روانگەیەوە، هەندێك لە ئەوروپاییەکان پێیان وایە گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی ئاڵۆزی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا.

لەوە کە سیستەمە سیاسییەکانی ناوچەکە زۆربەیان پاوانخواز و سەرەڕۆن، هەر جۆرە لاوازکردنی سیستەمی سیاسی بەبێ تێپەڕبوونی قۆناغێکی تایبەت دەتوانێ بارودۆخ بۆ رووخانی ئەم سیستەمانە خۆش بکات. لەم حاڵەتەدا، ئەگەری هاتنە سەرکاری دەوڵەتە سەرەڕۆکان دوور لە چاوەڕوانی نییە کە بە پێچەوانەی ئامانجی رۆژئاوایە لەوانە ئامانجەکانی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەی ئامریکا.

لایەنە جیاوازەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپایی رۆژئاوا لە هەمبەر رۆژهەڵاتی ناوەراست، ئاکامی چەند هۆکاری جۆراوجۆرن، وەك رابردوو وە ئەزموونی مێژوویی، بارودۆخی جیۆپۆلتیك، پێکهاتەی حەشیمەتی و جۆری پێوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ ناوچەکە، ویژدانی بە کۆمەڵی ئەوروپا بە هۆی هەڵسوکەوتی ئەوروپا لە شەڕە سەلیبییەکان و چەوسانەوەی وڵاتانی ئەفریقایی و ئاسیایی هەست بە گوناه دەکات. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچەیە دووربن لە شەڕ و بە چاوی رێزەوە بڕواننە خەباتی ئازادیخوازانە. لە مەڕ مشتومڕی ئیسرائیل و فەلەستین، بە هۆی کوشتاری جولەکەکان لە شەڕی دووەمی جیهانی، پشتیوانی لە ئەمنییەتی ئیسرائیل بەشێکە لە ویژدانی سیاسی خەڵکی ئەوروپایی و رۆژئاوا، بەڵام وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا هاوکات دەزانن

دەستدرێژیکردنە سەر مافی خەڵکی فەلەستین و ئەمنییەتی ئیسرائیل بە ستراوتەوە بە چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی ئیسرائیل و فەلەستین. هەروەها ئەزموونی ترسناکی دوو شەڕی جیهانی خەڵکی ئەوروپای فێرکردووە کە پێ شێل کردنی یاسا و مافە نێودەوڵەتییەکان لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و شەڕ کە براوە و دۆڕاو لە ئاگری مەرگهێنەری خۆیدا دەسووتێنێ. هەر بۆیە وڵاتانی ئابووریی رۆژئاوا، بە تایبەتی ئەوانەی لە دوو جەنگی جیهانی زیانی زۆریان بەرکەوتووە لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەتی هەڵوێستی یەکلایەنە خۆ دەبوێرن و بە کەڵك وەرگرتن لە رێگاچارەی چەند لایەنە (multilarteral) پاراستنی یاساکانی نێودەوڵەتیی و بەکارهێنانی ئامرازی "هێزی نەرم" وەك شێوازگەلی دیپلۆماتیك و یارمەتی ئابووری زۆرتر پێ دادەگرن. لەم پێناوەدا، رەخنەگری ئەمەریکایی رابێرت کاگان لە سەر ئەو بڕوایەیە کە وڵاتانی ئەوروپایی رۆژئاوا، بە هۆی ئەزموونی مێژوویی و لاوازی سەربازی لە دەسەڵات دەترسێن و خوازیاری ژیان لە جیهانێکن کە یاساکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لەودا حاکمن[43].

هەروەها بەهۆی نزیکی جوغرافیای بە ناوچەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆربوونی حەشیمەتی موسوڵمان و بوونی پێوەندی ئابووری بە رێکەوت و قووڵتر لەگەڵ ناوچەکەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە ئاسانی زیانی لێ دەکەوێ.

رۆژهەڵاتی ناوەراست کەم تا زۆر لە دراوسێیەتی ئەوروپا هەڵکەوتووە و زۆرتر ئانارامییەکانی، دەبێتە هۆی کردەوەی تیرۆریستی لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا و شوێنێکە کە بە شێوەیەکی بەرچاو کۆچبەر رووی تێدەکا، ئێستا ئەوروپای رۆژئاوا خاوەنی نزیك بە (20) ملیۆن حەشیمەتی موسوڵمانە[44]. زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی رۆژئاوا ناتوانن رۆڵی ئەم حەشیمەتە لە هاوسەنگی ئابووری و سیاسی نێودەوڵەتیی خۆیان لە بەرچاو نەگرن. لەگەڵ ئەمەش دا رادەی ئاڵوێری بازرگانیی رۆژئاوا لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەراست سێ ئەوەندەی رادەی ئاڵوێری بازرگانی ئەمەریکایە لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست[45] بەم



شێوەیە، زیادبوونی قەیران لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەتوانێ بە خێرایی و تەوژمێکی زۆرترەوە بۆ ئەوروپای رۆژئاوا پەرەبسێنێ.

سەرەڕای ئەو مەسەلانەی باس کراون، مەیل و تێکۆشانی رۆژ لە دوای رۆژی یەکیەتی ئەوروپا دەبێتە هۆی ئەوەی کەلێنێ هەڵوێستەکانی ئەم دوو جەمسەرە لە پێوەندی لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەراستدا قووڵتر و بەربلاوتر بێ.

هەندێك لە رەخنەگران پێیان وایە پەلاماری تیرۆرستی مارسی (2004) لە مەدرید، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا لە مەترسییەکی نوێ ئاگادار کردەوە و هەڵوێستییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا نزیك کردەوە. بەڵام ژمارەیەکی دیکە لە سەر ئەو بڕوایەن کە جیاوازی لە نێوان هەڵوێستەکانی ئەمەریکاو یەکیەتی ئەوروپا بەرامبەر بە قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست جدییە و لە داهاتوودا، بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ئێران دا بەربلاوتر دەبێ.

جیاوازی روانگەی ئەمەریکا و ئەوروپا لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە شەڕی ئەمەریکا و عێراقدا زیاتر زەق بۆوە.

زۆربەی وڵاتانی یەکیەتی ئەوروپا پێیان وایە هەڵوێستی پراکتیکی و یەکلایەنەی ئەمەریکا لە پەلاماردانی عێراق بووە هۆی لاوازبوونی پێگەی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و رێگای بۆ وڵاتانی دیکە وەك رووسیا و چین ئاوەڵا کرد، تا بە بیانووی پشتگیری لەو مەترسییانەی هەڕەشە لە ئەمنییەتی نەتەوەییان دەکەن، هێرشی سەربازی بکەنە سەر وڵاتانی دیکە. لە لایەکی دیکەوە ئەمەریکا پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە دژایەتی بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ بەبێ هەڵوێستی پراکتیکی رۆژئاوا دژی وڵاتانی سەرپێچی کار، بێ کەڵکە. لە روانگەی ئەمەریکاوە هەرەشەی فەرەنسا سەبارەت بە ڤیتۆکردنی بریارنامەی دووەمی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی عێراق هۆی سەرەکی بارودۆخی ئێستا و لاوازی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانە، وڵاتانی یەکیەتی ئەوروپا پێیان وایە رەفتاری ئەمەریکا بە خولقاندنی فەزایەکی ئانارام، بەکردەوە یارمەتی وڵاتانی وەك کۆریا و ئێرانی داوە بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی کۆمەڵکوژ. لە وەڵامی ئەم رەخنانەدا

سیاسەتمەدارانی ئەمەریکایی بەڵگە دێننەوە کە پەلامار بۆ سەر عێراق بووە هۆی ئەوەی کە لیبیا واز لە پرۆگرامی چەکە ناوکییەکانی خۆی بێنێ.

ئێران نموونەیەکی دیکەیە لە جیاوازی روانگەی ئەوروپا و ئەمەریکا کە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین ئەگەرچی پاش جیاوازی بیرورا لەسەر عێراق، قەیرانی ئەتۆمیی ئێران بووەتە هۆی نزیکی هەڵوێستی ئەوروپا و ئەمەریکا، بەڵام دوو یاریزانی دوولایەنی ئاتلانتیك هەروا لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران تووشی کێشەن. ئەمەریکا ئێرانی لە ریزی وڵاتانی تەوەری شەرارەت داناوە، لایەنگری بەرێوەبردنی هەڵوێستی توندە دژی ئەو وڵاتە. لە بەرامبەردا ئەوروپا خوازیاری تێوەگلانی ئێرانە لە وتووێژەکان و پێوەندی بونیاتنەرە.

رەخنەگرانی ئەوروپایی گەڵاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، نارازین لەوەی کە بوش ئەم پرۆژەیەی ئەنجام داوە، سەرەرای کۆپیکردنی "گەڵاڵەی بارسلونا" بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست، بریتی بووە لە وەلانانی کەسایەتییە گرنگە سیاسییەکانی گەڵاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی ئەوروپا "رێککەوتننامەی بارسلونا" بە تایبەت "چارەسەری کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین" کە بۆ بەرێوەبردنی چاکسازی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا پێویستە و لە بەرامبەردا زیادکردنی لایەنە "سەربازی" بە گەڵاڵەکەیە کە بەرەو پێشبردنی پرۆگرامی چاکسازی ناوچەکە لەگەڵ دژواری رووبەروو دەکاتەوە، لایەنێکی دیکەی نارەزایەتی رەخنەگرانی ئەوروپایی ئەوەیە کە ئەمەریکا تێدەکۆشێ هەتا رۆڵی ئەوروپا لە ناوچەکەدا کەم بکاتەوە و بە وڵاتانی ناوچەکە بسەلمێنێ کە ناتوانن کەڵك لە هیچ نفوزێك جگە لە نفوزی ئەمەریکا وەرگرن.

### رەخنەکانی ئەمەریکا

سیاسەتمەدارانی ئەمەریکایی پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە پرۆگرامی ئەوروپا تایبەتە بە پرۆگرامێکی بچووك بۆ "چاکسازی لە خوارەوە" و بۆ بەرێوەبردنی چاکسازی زۆرتر پشتی بە دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە بەستووە، بەڵام هەروەك ئەزموون نیشانی داوە ئەم شێوازە بۆ بەرێوەبردنی چاکسازی سیاسی



ناوچەکە لە داهاتوویەکی نزیکدا بە ئاکام ناگا. لەبەرئەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە بە هۆی نەبوونی پیشتیوانی خەڵك لە بەرێوەبردنی چاکسازی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دەترسێن و داهاتی نەوت رێگەیان پێ دەدا تا بەرێوەبردنی چاکسازی بخەنە دواوە، هەروەها هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە خۆجێیەکان توانای پێویستیان بۆ بەرێوەبردنی چاکسازی سیاسی لە داهاتوویەکی نزیکدا نییە. هاوکات دڵساردی خەڵکی ناوچەکە لە دەوڵەتەکان و نارەزایەتی بەشێکی زۆری حەشیمەتی ناوچەکە لە سوودمەند نەبوون لە دەسکەوتی ئابووری وڵاتەکەیان و بەشدارنەبوون لە چارەنووسی سیاسی خۆیان نە تەنیا سەقامگیری هەموو ناوچەکە، بەڵکو ئەمنیەتی کۆمەڵگای جیهانیش دەخاتە مەترسییەوە.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا وەبیر هێنانەوەی پەیتاپەیتای ئەوروپا سەبارەت بەوەی کە ناکرێ بە زۆر دیموکراسی بسەپێنن، بە تەنیا بەس نییە، ئەوروپاش دەبێ بە کەموکوڕیەکانی خۆیدا بچێتەوە.

دەست بە عەسای لە رادەبەدەری ئەوروپا و نەبوونی ستراتیژیەکی کاریگەر بۆ ئەنجامدانی گۆرانکاری سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، بە کردەوە بووەتە هۆی پاراستنی بارودۆخەکە هەتا بەرزکردنەوەی ئاستی گۆرانکاری دیموکراتیك لە ناوچەکەدا، سیاسەتوانانی ئەمەریکایی بۆ سەلماندنی شکستی سیاسەتی یەکێتی ئەوروپا لە پەیوەندی لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەراست ئاماژە بە مەسەلەی ئێران دەکەن، ئەوان پێ لەسەر ئەوەدا دەگرن کە سەرەرای پشتیوانی یەکێتی ئەوروپا لە پاراستنی "دیالۆگی بونیاتنەرانە" و پێوەندی ئابووری لەگەڵ سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران و پشتیوانی پرۆگرامی چاکسازی، چاکسازیخوازانی لە گۆرانی رەفتاری کۆماری ئیسلامی لە بوارەکانی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوە، سەرکەوتوو نەبوون و کۆماری ئیسلامی بە خێرایی بەرەو بەرهەم هێنانی چەکی ناوەکی دەچێتە پێش.

هێندێك لە رەخنەگرانی ئەمەریکایی لەسەر ئەو بروایەن سەرەکی ترین پرۆگرامی سیاسەتی یەکێتی ئەوروپا لە بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەراستدا پاراستنی پێوەندی ئابوورییە.

سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا پێ لەسەر ئەوەدا دەگرن کە چاکسازی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا ناتوانێ و نابێ چاوەروانی چارەسەری کێشەی ئیسرائیل و فەڵەستین بێ، تەنانەت ئەگەر ئەم کێشەیە ئێستاش چارەسەر بکرێ، چاکسازی بەربلاوی قەوارەی سیاسی و ئابووری رۆژهەڵاتی ناوەراست هەروا لەگەڵ کۆسپی سەخت و جۆراوجۆر بەرەورووییەو، بەرێوەبردنی پێویستی بە پرۆگرامێکی چڕو پڕە، لە روانگەی سیاسەتمەدارانی ئەمەریکایی سەقامگیربوونی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست یارمەتی بە چارەسەری کێشەی ئیسرائیل و فەڵەستین دەدا و بۆ دەستەبەر کردنی ئاشتیەکی بەردەوام لە نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین پێویستە.

## 5- لە کۆتاییدا چەند تێبینییەک

پێویستیی بە ئەنجام گەیاندنی چاکسازیی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەمەبەستی جێگیرکردنی دیموکراسی، پاراستنی مافی مرۆڤ، باشکردنی کرداری ئابووری و بەشداریی خەڵك لە چارەنووسی سیاسی و دەستکەوتە ئابوورییەکانی ولاتی خۆیان زیاتر لە هەر سەردەمێك لە ئاستی جیهانیدا پەسندە. ئەم چاکسازییە بۆ ئەوەی بەردەوام بێ و بە کەمترین خەرجیی و زۆرترین دەستکەوت بێتە دی پێویستە بە رێکەوتن و لە نیوان خەڵك و هێزە نێوخۆییەکانی ناوچەکە بەرێوە بچێ. بەڵام لەبەر زۆر هۆکار، لەوانە دەستراگەیشتنی دەوڵەتانی ناوچەکە بە داهات و رانتی نەوت، پاڵنەرە نێوخۆییەکانی دەوڵەتان و کۆمەڵگەی ناوچەکە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم چاکسازیە لە کاتی خۆیدا تا رادەیەك لاوازە. ئەزموونی یەکێتی ئەوروپا کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو هەوڵی دا تا لە رێگەی هاندانی دەوڵەتانی ناوچەکە بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاو و پاریزکارانە رەوتی چاکسازیی بگرنەبەر، دەریخست کە چاکسازیی سیاسی و ئابووری ناوچەکە پێویستی بە رێکارێکی کاریگەرتر هەیە. لە لایەکی دیکەوە، ئەزموونی ئەمەریکا لە دارشتنی گەلالەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە، بە تایبەت هەڵسوکەوتی لە ناوچەکە نیشانی دا ئەم



گۆڕانکارییانە بێ دابینکردنی هاوکاری و رەزامەندیی خەڵکی ناوچەکە، بە تایبەت لە رێگەی سەربازیی یەك لایەنە دەتوانێ گۆڕانکاریی دیموکراتێکی ناوچەکە بۆ ماوەیەکی بەرچاو دوا بخات. نۆژەنکردنەوە و دیموکراتیزەکردنی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست پێویستی بە پاراستن و بەهێزکردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی ولاتانی ناوچەکە هەیە. شێوازی سەربازی زۆر جار دەبێتەهۆی لە نێوچوونی ئەم دامەزراوانە کە رەوتی جێگیرکردنی دیموکراسی دژوارتر دەکات.

رێگەی دەربازبوون لەم کێشەیە، دۆزینەوەی رێکارێکە کە ئەنگیزەی دەوڵەتان و کۆمەڵگەی ناوچەکە بۆ بەئەنجام گەیاندنی چاکسازی سیاسی و ئابووری بەهێز بکا، تا چاکسازیی لە داهاتوودا مسۆگەر بێ، و بێ ئەوەی لە رێگەی دەستێوەردانی سەربازی دەستەبەر کردنی ئەم چاکسازییە بەسەر ولاتانی ناوچەکەدا بسەپێندرێ. ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پێویستی بە هاوکاری ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا هەیە لە بەرەیەکی هاوبەش و هاوئاهەنگدا، بە پشتیوانی و لە چوارچێوەی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، بەمەبەستی بە کارهێنانی فشاری سیاسی و ئابووری لەسەر ولاتانی ناوچەکە و هاوکات پشتیوانی دامەزراوەی مەدەنی و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکە کاریگەرە بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بە پێی پرۆگرامێکی سیستماتێك، رێك و پێك و لە ژێر چاودێری.

ئێستا پێویستیی دیموکراتیزەبوونی رۆژهەڵاتی ناوەراست زیاتر لە هەر سەردەمێکی دیکە بۆتە جێگەی سەرنجی سیاسەتمەداران و بیرورا و راگەیاندنی گشتیی جیهان. ئەمە دەتوانێ ببێتەهۆی گۆڕانکاریی دیموکراتێك بە شێوەیەکی بەربلاو لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بە مەرجێك:

* ولاتانی ناوچەکە دەرك بە پێویستی بە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی دیموکراتێك لە ناوچەکە و لاوازیی دەوڵەتانی خۆیان لە بەجێگەیاندنیدا بکەن.
* دەوڵەتی ئەمەریکا لە گرتنەپێشی کرداری سەربازیی یەك لایەنە خۆ بپارێزێ و بە پێی پێشنیاری "دامەزراوەی کارنگی بۆ ئاشتیی نێودەوڵەتی" بە

مەبەستی بەئەنجام گەیاندنی چاکسازیی سیاسیی راستەقینە لە ناوچەکە، پرۆژەی خۆی بە شێوەیەکی لۆژیکیانەتر، هاوسەنگتر و هەمە لایەنەتر لە هەمبەر رۆژهەڵاتی ناوەراست چاکسازیی تێدا پێك بێنێ و گرنگیی زیاتر بە دامەزرانی دامەزراوەکان و رۆڵی هێزە خۆجێیەکان بدا.

* یەکێتی ئەوروپا سیاسەتی ورد (مایکرۆ)[47] و هێمنانەی خۆی لەسەر بنەمای ستراتیژییەکی بەربڵاوی (ماکرۆ)[48] و دڵخواز بۆ بەرەپێشبردنی چاکسازیی ناوچەکە بە شێوەیەکی کاریگەر دابرێژێ و بۆ ئەم مەبەستەش ستراتیژیی نەکاتە قوربانیی پرسە کورتخایەنەکانی بازرگانی.
* هێزە سیاسییەتکان ناوچەکە بەسەر لاوازییە نەریتییەکانی خۆیاندا زاڵ بن و بە پێی پرۆگرامێك و رێکخستنێکی مۆدێرن و لۆژیکیانە یەك بگرن تا بتوانن هێزی سیاسی پێویست بۆ بەجێ گەیاندنی پرۆگرامی چاکسازی لەسەر بنەمای هێزە خۆجێییەکان دابین بکەن.

بەڕێوەبردنی پرۆگرامی چاکسازی لەسەر بنەمای هێزە خۆجێییەکانی ناوچەکە تەنیا کاتێك بە ئەنجام دەگات کە رێکخراوە سیاسییەکان وڵاتانی ناوچەکە بتوانن هێزی سیاسی پێویست بۆ پیادەکردنی پرۆگرامی چاکسازیی دابین بکەن. لە بارودۆخی ئێستادا، ئەگەر رێکخراوە سیاسییەکانی ناوچەکە بتوانن هێزی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی پرۆگرامی چاکسازیی ریك بخەن ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە سەرکەوتوو بن تا لەسەر گۆڕانکاریی ناوچەکە کاریگەرییەکی چارەنووساز دابنێن. بەڵام بەداخەوە بەشێکی گەورە لە هێزە سیاسییەکانی ناوچەکە تووشی زەینییەت و هەڵسوکەتی تایفەیی هاتوون و بە هۆی ململانێی بێ ئاکامی تایفەیی ناتوانن لە چوارچێوەی پرۆگرامێك و رێکخستنێکی مۆدێرن و لۆژیکیانە یەك بگرن. ئەم هێزانە بە گشتیی زەینییەت و هەڵسوکەتی تایفەیی لە ژێر پەردەی پێوەندیی و مشتومڕە مۆدێرنەکاندا دەشارنەوە و دەرفەتە مێژووییەکانی خۆیان بە فیرۆ دەدەن. ئێستا، بە هۆی رەوتی خێرای بە جیهانی بوون، چاکسازیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە دەستووری



کاری کۆمەڵگەی جیهانی دایە. بەڵام کۆمەڵگەی جیهانی رەنگە بۆ هەمیشە چاوەڕێی پەرسەندنی هێزە سیاسییەکانی ناوچەکە نەبێ. ئەگەر رەوتی گۆڕانکاریی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەرەو رێڕەوێکی نەگونجاو بڕوا کە لەودا هێزە سیاسییەکانی ناوچەکە رۆڵی چارەنووسسازیان نەبێ، ئەوسا بەشێکی بەرچاوی بەرپرسێتی ئەم کارە دەکەوێتە ئەستۆی هێزە سیاسییەکانی ناوچەکە. ئەم بەرپرسێتییە بۆ وڵاتانی پێشکەوتووی ناوچەکە زۆر قورس و گران دەبێ.

## دەقی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە

ئەم گەلاڵەیە رێکارێکی گرینگ، لەبار و دەرفەتێکی هەڵکەوتووە بۆ کۆمەڵگای جیهانی تا لە ژێر تیشکی ئەودا بەرامبەر بە نەهێشتنی دوو کەموکۆری گرینگ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەڵویستی گونجاو بگرنە بەر کە بریتین لە تێگەیشتن لەمەڕ بە سیستم بوونی چەمکی ئازادی و پێکهێنانی بەستێنێکی لەبار بۆ بەشداری ژنان لە پەرەپێدانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. هەتا کاتێك سیاسەتی لە پەراوێزخستنی خەڵك لە چالاکی سیاسی و ئابووری لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا روو لە زیاد بوون بێ و ناوەندەکانی دەسەڵات تەنیا لە بازنەیەکی داخراودا بمێننەوە، کردەوەی تیرۆریستی، رێژەی تاوان و کۆچە نایاساییەکان بۆ وڵاتانی رۆژئاوایی، پەرە دەستێنی.

بە پێی ئامارگەلی راگەیەندراو، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا رەوتی مەترسیدار دەپێوی کە وا بوو هەنووکە پێویستیی رێگاچارە بۆ چارەسەری ئەوانە زیاتر لە هەر کاتێك گرینگە.

بە ئاوڕدانەوەیەك بە ئامارەکانی خوارەوە بارودۆخی خراپی ئەم وڵاتانە باشتر دەردەکەوێ.

* کۆی داهاتی ناپالڤتەی میللیی 22 وڵاتی عەرەبی زۆر کەمتر لە وڵاتی ئیسپانیایە.
* لە کۆی 162 میلیۆن کەس سەرووی 18 ساڵ لە وڵاتانی عەرەب نزیك بە 65 میلیۆن کەس واتە نزیك بە 40 لە سەد نەخوێندەوارن کە دوو لە سەر سیی ئەم ژمارەیە ژنان پێکی دێنن.
* هەتا ساڵی 2010ی زایینی زیاتر لە 50 میلیۆن گەنج دێنە بازاری کارەوە و هەتا ساڵی 2020ی زایینیش وڵاتانی عەرەب بۆ گەنجە بێکارەکانیان پێویستییان بە پێکهێنانی یەك میلیۆن دەرفەتی شوغڵی هەیە.



* ئەگەر رێژەی بێکاری لە وڵاتانی عەرەب هەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت هەتا ساڵی 2010ی زایینی ژمارەی بێکارەکان لەم وڵاتانە دەگاتە سنووری 25 میلیۆن کەس.
* نێونجی داهاتی یەك سێهەمی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە دوو دۆلار لە رۆژدا تێناپەرێ کە وا بوو بۆ بردنە سەری ئاستی بژێوی ئەم وڵاتانە چاوخشاندنەوە بە پرۆگرامە گەورەکانی ئابووری دا پێویستە.
* تەنیا 6/1 لە سەدی خەڵکی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست توانای کەڵك وەرگرتن لە تۆری ئینتێرنێتیان هەیە کە ئەم ژمارەیە بە بەراورد لە گەڵ وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا کەمترە.
* لە حاڵێکدا تەنیا 5/3 لە سەد لە کورسییەکانی پارلەمان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست تایبەت بە ژنانە کەچی ئەم ژمارەیە لە وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا گەیشتووەتە 4/8 لە سەد.
* بە پێی راپرسییە زانستی و باوەرپێکراوە جیهانییەکان لە ساڵی 2003ی زایینی 51 لە سەد لە گەنجانی عەرەب هۆگرییان بۆ کۆچ بەرەو ئەورووپا هەیە.

بە بەردەوام بوونی ئەم سیاسەتانە لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی شاهیدی هەرەسهێنانی ئەم وڵاتانە و چوونە سەری ژمارەی بێکارەکان و پەرەسەندنی هەژاری دەبین کە ئەم دۆخە دەتوانێ لە داهاتوویەکی نزیکدا ببێتە مەترسییەکی جیددی بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی.

تەنیا رێگا بۆ دەربازبوون لەم بازنە داخراوەی هەژاری و دواکەوتوویی، بەرێوە بردنی چاکسازی لە هەموو بوارەکان و جێبەجێ کردنی ئاکامی لێکۆڵینەوەی کارناسان و خوێندکارانی زانکۆکانە لە لایەن حکوومەتە عەرەبییەکانەوە.

لەم نێوەندەدا بەشداری ئابووریی وڵاتانی لێواری دەریای مەدیتەرانە، گەلاڵەی هاوکاری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەمەریکا بە مەبەستی بەرێوەبردنی چاکسازیی بنەڕەتی و ئەو هەوڵانەی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەفغانستان و عێراق دەدرێ هەموویان بەشێکن لە سیاسەتەکانی هەشت وڵاتی پیشەسازیی جیهان لە پێناوی رزگار کردنی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەو دۆخە نالەبارەدا.

رووخانی دوو رژێمی دیکتاتۆر لە عێراق و ئەفغانستان هەلێکی هەڵکەوتووی بۆ وڵاتانی پیشەسازی رۆژئاوا رەخساند هەتا رێبەریی رەوتی چاکسازی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بگرنە دەست.

وڵاتانی پیشەسازیی رۆژئاوا سەرەرای کارکردن بۆ پرۆگرامی پەرەپێدانی مرۆیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێ بۆ بەرێوەبردنی چاکسازی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست چالاکیی کاریگەریان هەبێ.

پشتیوانی لە بە دامەزراوەبوونی بنەماکانی دیموکراسی، هاتنە سەر کاری حکوومەتگەلی هەڵبژێردراوی خەڵك، رەخساندنی بواری لەبار بۆ گەشەپێدانی زانست و تەکنۆلۆژیا لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوەراست و پێکهێنانی دەرفەتی لەباری ئابووری کە قازانجی درێژخایەنی ئەم وڵاتانە دابین بکا، بەشێك لە هەنگاوەکانی وڵاتانی رۆژئاوایی لەم ناوچەکە گرینگەی جیهان پێك دێنێ.

بە پێی گەلالەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە، وڵاتانی عەرەب لە رووی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی ئازادی رادەربڕین، لە بەراورد لە گەڵ وڵاتانی دیکەی جیهان لە نزمترین ئاستدایە.

بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کۆمەڵگای عەرەبدا، هەشت وڵاتی پیشەسازی جیهان دەبێ بە سیستم بوونی دێموکراسی و پێویستی بەرێوە چوونی بنەماکانی دێموکراسی لە وڵاتانی عەرەبیدا لە بەر چاو بگرن.

وڵاتە پێشکەوتووە رۆژئاواییەکان بۆ بەرێوە چوونی هەڵبژاردنی ئازاد دەتوانن ئەزموونەکانی خۆیان لە بواری بەرێوە چوونی هەڵبژاردنی سالم و بە دوور لە ساختەکاری، بخەنە بەردەست ئەم وڵاتانە.

سەرەڕای ئەمەش بە سەرنجدانە بەشداریی کەمی ژنان لە پەرلەمانەکانی ئەم وڵاتانەدا، دەتوانین ناوەندێکی نادەوڵەتی بە مەبەستی ئاشناکردنی ژنانی زانکۆ، بۆ داواکردنی تەواوی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان دامەزرێنین.



بە پێی راپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هەر هەزار هاووڵاتی عەرەب تەنیا 53 ژمارە رۆژنامە هەیە لە حالێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ هەر هەزار کەس 285 ژمارە رۆژنامە هەیە.

هەر لەم پێوەندییەدا، چاپی بڵاوکراوەکان لە وڵاتانی عەرەبدا لە رووی چۆنیەتیەوە لە ئاستێکی نزم دایە و زۆربەی راگەیەنەرکان لەم وڵاتانە لە ژێر چاودێری کەرتی دەوڵەتی دایە.

ئەو ژمارە کەمەی راگەیەنەکان کە لە لایەن کەرتی تایبەتییەوە کۆنترۆڵ دەکرێن لە ژێر چاودێری دەوڵەتدا چالاکی دەکەن هەر بۆیە پرۆگرامەکانی راگەیەنە گشتییەکان لەم وڵاتانەدا، تەبلیغاتێکی بێ نێوەرۆك و تەنیا بە مەبەستی خستنە ژێر کاریگەری بیروڕای گشتییە.

راپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ چارەسەری ئەم کێشە گرینگە چەندین رێگای پێشنیار کردووە:

* سەفەری بۆ نووسەران و خاوەن بڵاوکراوەکانی وڵاتانی رۆژئاوایی و عەرەبی
* خولی راهێنان بە مەبەستی راهێنانی رۆژنامەنووسانی سەربەخۆ.
* کەڵك وەرگرتن لە بورسی خوێندن لە وڵاتانی رۆژئاوایی بە مەبەستی بەرێکردنی

رۆژنامەنووسان و خوێندکارانی ئەم بەشە بۆ ناوەندەکانی راهێنان لە وڵاتانی رۆژئاوایی.

* بە پێی راپۆرتی بانکی جیهانی گرینگترین هۆکارەکانی پەرەنەگرتنی وڵاتانی عەرەبی، گەندەڵی ئیداری، مالیی و ئابوورییە. کەواتە سیاسەتی شەفاف سازی و خەبات دژی گەندەڵی لە بوارەکانی سیاسی و ئابووریدا، پێویستی بە دارشتنی پرۆگرامێکی بەربڵاوی ئابووری لەم وڵاتانەدا هەیە.

چالاککردنی رۆڵی رێکخراو و گرووپەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ , وەرگرتنی گەرەنتی لە حکوومەتە عەرەبییەکان لە بواری ئازادیی کردەوەی راگەیەنە گشتییەکان، پێکهێنانی دەرفەتی لە بار بۆ بەشداری ژنان لە هەموو بوارەکانی

کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری بنەڕەتی لە دەزگای قەزایی لەو خاڵانەن کە لەم گەڵاڵەیەدا ئاماژەیان پێکراوە.

لە هەمبەر چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبیشدا هاتووە، وڵاتانی عەرەب لە ساڵی 2003ی زایینی تەنیا 1/1 لە سەد لە کتێبی جیهانیان بۆ چاپ کردووە کە ڕێژەی 15 لە سەدی تایبەتە بووە بە پەروەردەی ئایینی. لە کاتێکدا یۆنان بە 11 میلیۆن حەشیمەت پێنج بەرانبەری 22 وڵاتی عەرەبی کتێب بە چاپ گەیاندووە ئەمەش ئاستی دواکەوتوویی وڵاتانی عەرەب دەسەلمێنێ.

لەوەی کە 65 میلیۆن کەسی سەرووی 18 ساڵ لە وڵاتانی عەرەبی نەخوێندەوارن وڵاتانی پیشەسازی دەتوانن بۆ خەبات دژی دیاردەی نەخوێندەواری کەڵك لە تۆڕی ئینتەرنێت وەرگرن بەم جۆرە سەرەرای بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکە ڕێژەی خەرجییەکانیش کەم دەکاتەوە.

وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەبێ هاوکاریی حکومەتە عەرەبییەکان بکەن بۆ بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی خەبات دژی نەخوێندەواری و بارهێنانی کادێری پێویست لەم بوارەدا.

بۆ چاکسازی پێکهاتەی پەروەردەیی، پێش کۆبوونەوەی نیسانی ئەمساڵ کە بە مەبەستی تاوتوێکردنی قەیرانی پەروەردەیی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بەشداری پسپۆران و شارەزایانی ناوچەیی، ئەورووپی و ئامریکایی بەڕێوە دەچێ دەبێ بیر لە ڕێوشوێنەکان بکرێتەوە .

لەبەرئەوەی کەڵك وەرگرتن لە ئینتەرنێت لە وڵاتانی عەرەبی بە بەراورد لە گەڵ وڵاتانی دیکەی جیهان، لە نزمترین ئاستی خۆی دایە دەبێ وڵاتانی پیشەسازی بوار بۆ هاوکاری بەشە دەوڵەتی و تایبەتییەکان بۆ پەرەپێدانی کەڵك وەرگرتن لە ئینتەرنێت لە شار و گوندەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست برەخسێنن.

لەم نێوەدا وڵاتانی عێراق و ئەفغانستان، پاکستان، یەمەن، سووریا، لیبیا، مەغریب، میسر و جەزائیر لە بەراورد لە گەڵ وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمترین کەڵکیان لە ئینتەرنێت وەرگرتووە.



بە سەرنجدانە پێویستی بارهێنان لە بەشی بەڕێوەبەری لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وڵاتانی پیشەسازی دەبێ خولی راهێنانی یەك ساڵە بۆ خوێندکارانی ئەم بەشە بکەنەوە کە دەتوانین ناوەندی بارهێنانی بەڕێوەبەری و بانکداری لە بەحرێن وەك سەمبولێك لە بەر چاو بگرین.

لە ڕاپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بواری پێکهێنانی دەرفەتی کارکردن هاتووە تەنیا ڕێگای پێشکەوتنی وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چالاك کردنی ڕۆڵی بەشە تایبەتییەکان و لە بەر چاو گرتنی سیاسەتە ئابوورییەکانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتە دوای ڕووخانی بلوکی ڕۆژهەڵات.

دامەزراندنی "سندووقی پەرەپێدانی ناوچەیی" وێکچووی "بانکی ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی ئەورووپایی" لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مەبەستی وەگەڕخستنی سەرمایە لە کاروبارە بنەڕەتییەکان، بارهێنان، تەندروستی، چاکسازی بنەڕەتی لە سیستمە ماڵییەکانی ئەم وڵاتانە، کەمکردنەوەی ڕۆڵی و دەستێوەردانی حکومەتەکان لە جێبەجێکردنی گەڵاڵە ئابوورییەکان، نۆژەنکردنەوەی سیستمی بانکداری و کەمکردنەوەی کۆسپی گومرکی وەك ڕێگاکانی دیکەی دەربازبوون لە دواکەوتوویی ئابووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باسی لە سەر کراوە.

بەهێزکردن و پەرەپێدانی بەندەرە ئازادە تیجارییەکان، بەشداریکردنی سەرمایەگوزاری بیانی لە بەڕێوە بردنی گەڵاڵەگەلی گەورەی ئابووری و بەڕێوەچوونی کۆبوونەوە و کۆنفرانسی ئابووری بە بەشداری بەرپرسانی بەشە دەوڵەتی و تایبەتییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ لێکدانەوەی ڕێگاکانی بەڕێوەبردنی چاکسازیی ئابووری ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە وێناکردنی داهاتووی ئابووری ئەم وڵاتانە.

لە گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاماژە کراوە بەوەی کە وڵاتانی ئەفغانستان، بەحرێن، جەزائیر، مەغریب، لوبنان، قەتەر، عەرەبستان، توونس،

تورکیا و یەمەن پرۆسەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و گەڕانەوە بۆ بیروڕای گشتی بەڕێوە دەبەن.

بە پێی ئەم گەلاڵەیە وڵاتانی ئەلجەزایەر، لوبنان و عەرەبستان و یەمەن داخوازی ئەندامەتی لە ڕێکخراوی تیجارەتی جیهانی کردووە و وڵاتانی ئەفغانستان، لیبیا و سووریا هێشتا بابەتی داخوازی ئەندامەتی ئەوان لەم ڕێکخراوەدا نەهاتۆتە بەر باس و عێراقیش خوازیاری بەشداری کردنە لە کۆبوونەوەکانی ئەم ڕێکخراوەیە وەك ئەندامی چاودێر.

## پەراوێزەکان

1- Donald Anderson ،"Reform in Middle East" ،Donald Anderson of Foreign Affairs Select Committee of UK Parliament..

2- Davos – Cheney www.theglobalist.com/DBWeb/Storyld.aspx? Storyld - 3753

3- Cheney speech in Davos,

4- NATO,

5- Alain Dieckhoff, "The Mirage of the Grand Middle Este", Watch.org, Autumn 2004

6- Mrrina S. Ottaway ،"The Broader Middle Este and Africa Initiative: A Hollow Victory for the United States" ،Carnegie June 2004

7- دەقی گەلاڵە سەرلەنوێ لە رۆژنامەی شەرقل ئەوسەت بلاوکرایەوە.

8- لە درێـژەی ئـەم بابەتـە بـۆ ئاسـانکاریی لـە نـاوی "گەلاڵـەی رۆژهـەڵاتی ناوەراستی گەورە" کەڵك وەرگیراوە.

9- Informaition technology

10- NGO

11- USA National Endowment for Democracy ،and UK,s Westminster Foundation

13- Discovery

14- International Finance Corporation (IFC)

15- micro – finance instituions

16- Rrgional Trad Hubs



17- Business Incubator Zones (BIZ)

18- Asia – Pacific Economic Cooperation Forum (APEA)

19- Regulatory systems

20- بۆ تێبینی لیستی قەرزە ئاشکراکانی گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گـەورە سەیری سایتی"mepi.state.gov" بکەن.

21- لە ماوەی ساڵەکانی نێـوان 1990 تـا 2003 وڵاتـانی ناوچـەی رۆژهـەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقا زیاتر لە 98 بلیۆن دۆلار یارمـەتی دەرەکییـان وەرگرتووە، 75 بلیـۆن دۆلار لـە وڵاتـانی ئەنـدامی رێکخـراوی هۆکـاری و پەرەپێدانی ئابووری( OECD )و 24 بلیۆن دۆلار لـە بـانکی جیهـانی. بـە گـشتیی 6.4 بلیـۆن دۆلاری ئـەم یارمەتییانـە بـۆ کاروبـاریی پـەروەردەیی تەرخان کراوە (2.4 بلیۆن دۆلار لە لایەن بانکی جیهانی و 4 بلیۆن دۆلار لـە لایەن OECD )، لە یارمەتییـەکانی OECD تایبەتـە پـەروەردە، پـشکی فەرەنسا و ئەڵمانیا 3 بلیۆن دۆلار و پـشکی ئەمـەریکا تـەنیا 290 میلـۆن دۆلار بووە. لە ساڵەکانی 2004 — 2005 یارمەتی ئەمەریکا زیاتر لە 200 ملیۆن دۆلار بووە و بودجەکەی بۆ ساڵەکانی 2005 - -2006 زیاتر لە 270 ملیۆن دۆلارە.

22- NATO,

23- Istanbul Cooperation

24- بۆ ئاگاداربوون لە هەڵوێستی حکوومەت و هێزە سیاسییەکانی تورکیـا لـە هەمبەر گەلاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەراسـتی گـەورە سـەرنج بدەنـە وتارەکـانی خوارەوە:

Yakup Beris an Gurkan, "Broader Middle Este Initiatives: Perceptions from Turkey" , Focus, Issue 7, july 2004

25- راگەیەندراوی هێلـسێنکی لـە (1975) لەلایـەن (35) وڵات "ئەمـەریکا، یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو و زۆربـەی دەوڵەتـە ئەورووپییـەکان" واژۆ کـراوە.

وتووێژەکانی هێلسینکی لە دەیەی (1970) لە نێوان وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و وڵاتانی بلۆکی سۆڤییەت بووە هۆی دامەزرانی کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاریی ئەورووپا، دەتوانین وا لێکی بدەینەوە کە ئەم کۆنفرانسە یارمەتی پێکهێنانی گۆڕانکاری لە یەکێتی سۆڤییەتی داوە. مەبەستی ڕێککەوتننامەی هێلسینکی لە پلەی یەکەم دا بریتی بوو لە ڕێککەوتن لە سەر ئەو سنوورانەی کە پاش جەنگی دووەمی جیهانی لە سەریان هێشتا ناکۆکی هەبوو، بە ڕەسمی ناسینی سنوورە نوێییەکان و پێکهێنانی میکانیزمێك بۆ لێکدانەوە و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی دیکە، ئەم ڕێککەوتنامەیە هەروەها بریتی بوو لە چەند خاڵێك لە سەر بنەمای پێویستی پاراستنی مافی مرۆڤ و ڕێزدانان بۆ ئازادییە بنچینەییەکان. لەم چوار چێوەیەدا وڵاتانی ڕۆژئاوا پشتیوانی دەکەن لە نەیارانی سیاسی لەیەکێتی سۆڤییەت و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بۆ بردنەسەری ئاستی مافی مرۆڤ.

26- نادر فرقانی، " عەربەکانی دەبێ چاکسازیی لە دەرەوە وەلا بنێن" الحياة (عربی) 19 فورییەی 2004

27- Robert barro, "Democracy and Growth" Journal of Economic Growth 1996.

28- The Contribution of Economic Growth to Democracy "Heritage Foundation 2000."

29- Median income.

30- Richard posner "Equity،Wealth and Political Stability" Journal of Low, Economics and Organization 1997.

31- Daneil Neep "Dilemmas of Democratisation in the Middle East: the , Middle East policy council journal2004, forward strategy of Freedom ”



32- Herbert kitschelt" a review of the political economy of govermance", world bank policy research. Working paper, may 2004.

33- Voice and Accountability

34- Political Stability and Absence

35- Government Effectiveness

36- Regulatory Quality

37- Rule of Law

38- Control of Corruption

39- Geoffrey garret "globalizations missing middle," foreign affairs, Nov. 2004

40- Conference on Security and Cooperation in the Mediterranean

41- Task Force for Dialogue with the Islamic World

42- Engaging with the Islamic World

43- Robert Kagan , “Power and Weakness”, Policy Review, June – July 2002

44- Omer Taspinar, “Europe, s Muslim Street”, Foreign Policy, March/April 2003 Eric Boehlert, “The Muslim Population Riddle”, Salon.com, 30 August 2001.

45- لەساڵی 2000 هەناردەی یەکێتی ئەورووپا و ئەمەریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕیز 64 و 23 بلیۆن دۆلار بووە. سندووقی نێودەوڵەتی دراو، ساڵنامەی ئاماریی بازرگانیی، 2001

46- Philip H. Gordon, “The Crisis in the Alliance”, Iraq Memo no. 11, the Brooking Institution, Feb. 2003

47- Micro

48- Macro